دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٤٠، هەینی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢١ دێسامبری ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com



## پیرۆزبایی

لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا، رۆڵە خەباتکارەکانی گەل لە شاری مەهاباد لە هەنگاوێکی بوێرانەدا، هەڵیان کوتایە سەر شارەوانیی مەهاباد و بەو شێوەیە دوایین پاشماوەکانی رێژیمی پاشایەتییان لەو شارە تێکەوە پێچا و ئاڵای سێ رەنگی کوردستانیان هەڵکرد؛ بەو بۆنەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو رۆژە مێژووییەی وەك رۆژی "پێشمەرگەی کوردستان" ناودێر کرد. بەناوی رۆژنامەی "کوردستان"ەوە ئەو رۆژە مەزنە لە هەموو خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان پیرۆز دەکەین و هیواداریین نەتەوەی کورد لە سایەی ئەو هەموو فیداکارییەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، بە ئاشتیو ئازادی شاد ببێت.



دەقی پەیامی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

٥



دەقی پەیامی تەیموور مستەفایی ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە..

٦



خۆرە دەم بە خەندەکەی شەوی یەلدا

٨




گەڕانەوە بۆ سنووری ناسنامەییەکان

١٠

# پێشمەرگە ڕازی هەرمانی گەلە



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەوە لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستی پێکرد، دواتر خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان ڕاگەیەندرا.

پاش وەرگرتنی سانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە لە هێزەکانی ئامادەبوو لە ڕێوڕەسمەکە، ڕێژەی دەستە و هێزەکانی پێشمەرگە کە نیشاندەریی ئەوپەڕی ئامادەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بەڕێوە چوو.

لە بڕگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز کاوە بەهرامی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووانی مەراسمەکە کرد. ناوبراو لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆژی وەبیرهێنانەوە و قامک لە سەر دانانی تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە و ڕۆژی ڕێزگرتن لە فیداکاری و خۆبەختکردنی ڕۆڵە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکانی نەتەوەکەمانە، ڕۆژی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و گیان لەسەر دەستانەیە کە سەنگەرەکانی خۆیان دژی دیکتاتوری و سەرەڕۆیی پەت و سێدارەی ڕێژیم لە هەلومەرجە سەختەکاندا پاراست، ئەم قارەمانانە بوون کە چەمکی گۆڕانکاری و ڕاسانیان کردە مەشخەڵی جووڵانەوەی نوێ.

سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی ئێرانیش وتی: "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستادا لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەروەها ناوخۆیی خودی ڕێژیم لە وەزعێکی زۆر نالەبار و بێ سەروبەرەدایە و لە نێو کۆمەڵگای جیهانیدا هیچ چەشنە ئیعتبارێکی نەماوە؛ هەروەها بە هۆی کردەوە تێرۆریستییەکانی و دخاڵەت کردن لە کاروباری وڵاتانی جیهان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەک پێشێلکەری مافی مروڤ لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا ناسراوە؛ هەموو کۆڵەکەکانی سەقامگیری ئەو وڵاتە سست و لاواز بوون و ئیدی تەنیا پێویستی بە پاڵپێوەنانێکی هەمەلایەنە هەیە".

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەهرامی ڕوو لە خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب وتی: "داوا لە هەموو دڵسوزانی گەلی کورد بە تایبەت ئەو کادر و پێشمەرگە شۆڕشگێڕانە دەکەین کە ساڵانێک لە ریزی خەباتدا بۆ رزگاری کوردستان شەونخونییان کێشاوە وئێستا بە هەر هۆیەک لە هەندەران گیرساونەتەوە، بە هەر شێوەیەک پێیان دەکرێ هاوکار و پاڵپشتمان بن، داوا لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان دەکەین بە هەر شێوەیەک پێیان دەکرێ پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن".

پاش قسەکانی بەڕێز کاوە بەهرامی لەوحی ڕێزلێنان وەک نەریتی ساڵانە بە سەر چەند پێشمەرگەی دێرینی حیزبدا دابەش کرا کە ماوەی ٢٠ ساڵە بێ پسانەوە لە ڕیزی تێکۆشاندان. ئەو کەسانەی کە ئەمساڵ لەوحی ڕێزلێنانی ٢٠ ساڵەیان پێشکەش کرا بریتی بوون لە: هاوڕێیان "سیامەند تەربی، یاسین یوسفی، ئومید مەندۆمی و شەهاب عەسکەری".

دواتر وەک نەریتی ساڵانە، براوە و دەرچووانی فێستیڤاڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە فستیڤاڵی ئەمساڵ بۆخۆی دووهەمین فێستیڤاڵ لە قۆناغی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بوو، لەلایەن بەشێک لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەوە خەڵات کران.

لە چەندین بڕگەی جیاوازیشدا پێشمەرگەکانی کوردستان بە خوێندنی سروود و گۆرانی و شێعر ڕێوڕەسمەکەیان ڕازاندەوە؛ دوابڕگەی ڕێوڕەسمەکەش بریتی بوو لە ئەنجامدان و پیشاندانی چەند جووڵەی نیزامی سەرنجڕاکیش کە لەلایەن دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبەوە ئەنجام درا.

ئەم ڕێوڕەسمە بە هەڵپەڕین و گۆڤەندی بەشداربووان و لە کەشێکی تەواو پێشمەرگانەدا کۆتایی پێهات.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی بەبەشداری بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لە کەمپی جێژنیکان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ و تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر بەڕێز تەیموور مستەفایی ئەندامی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد؛ ناوبراو لە ئاخاوتنەکەیدا وێڕای ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەسەر ڕۆژ و ناوی پێشمەرگە باسی لەوە کرد کە " پێشمەرگە هێزی چەکداری گەلە، بەڵام هێزێکە کە کاری تەنیا چەک هەڵگرتن و شەڕکردن و کوژران و کوشتن نییە، بەڵکوو چەکدارێکە کە دەزانێ چەکی هەڵگرتووە تا لە پێناو ئامانجێکدا کە وەدیهێنانی دێموکراسی و ڕزگاریی نەتەوەییە بۆ گەلەکەی خەبات بکات. ئەو دەزانێ و بە قووڵی تێگەیشتووە کە گەلەکەی چەوسێندراوەتەوە، زوڵمی لێ کراوە و حاشا لە بوونی دەکرێت، ڕێگای پێشکەوتنی لێدەگیرێ و لە یەک کەلامدا کەرامەتی خەوشدار دەکرێت. پێشمەرگە دەزانێ ئەم گەلە بەهێزی خۆی و بە قارەمانەتی و فیداکاریی ڕۆڵە بەوەجەکانی نەبێ، هەرگیز بە ڕزگاری و ئازادی ناگات. لەم تێگەیشتنەوەیە کە خۆشەویستترین کەسەکانی، واتە بنەماڵەکەی بەجێ دەهێڵێ و بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاریی گەلەکەی ڕوو لە ڕیزی پێشمەرگایەتی دەکات. ئەوان دەزانن پێشمەرگایەتی یانی دەستهەڵگرتن لە هەموو خۆشییەکانی ژیان و خۆبەختکردن لە پێناوی گەلەکەیان، و لە ڕاستیدا ئەم ڕێگایەیان بە ئاگاییەوە هەڵبژاردووە. هەر بۆیە شایانی هەموو ڕێزلێگرتنێکن."

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە دۆخی داسەپاو بەسەر کوردستان و کەشوهەوای سیاسی ئێران و کوردستان وتی: "ئێران لە ساڵی ٩٧ی هەتاویدا لەگەڵ چەندین کێشە و قەیران ڕووبەڕووە کە پێنج لەم قەیرانانە بە (ئەبەر چالش) یان قەیرانی قووڵ دەناسرێن کە بە وتەی لایەنی فەرمیی حکوومەت بریتین لەم قەیرانانە. قەیرانی ئاو، قەیرانی ژینگە، قەیرانی بێکاری، قەیرانی سیستمی بانکی، قەیرانی سندووقی خانەنشینی. بوونی ئەم قەیرانانە ئەگەر گەمارۆکانی ئەمریکاشی لێ زیاد بکەین کە ڕۆژ بەڕۆژ توندتر و بەربڵاوتر دەبن و ئەو دەوڵەتانەش کە بەڵێنییان بە ئێران دابوو کە لە دەربازبوونی ئەو قەیرانانەدا یارمەتیی ئێران بکەن، بێجگە لە قسە نەبێ هیچیان پێ ناکرێ، تەنانەت ئەگەر کارێکیشیان پێ بکرێ تا ئێستا بە کردەوە هیچیان نەکردووە".

پاش قسەکانی کاک تەیموور مستەفایی، سروودێک لەژێر ناوی پێشمەرگە لەلایەن هونەرمەند غوڵام فاتحییەوە پێشکەش کرا؛ دواتر پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوان، بەڕێز عومەر فەخرەدینفەڕ خوێندرایەوە.

چەند پارچەشێعری شۆڕشگێڕانەی شاعێری پێشمەرگە "مامۆستا بێبەش" ڕازێنەرەوەی بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بوو؛ لە بڕگەی دواتردا پەیامی پڕ لە هەست و حەماسەی تێکۆشەری دێرینی گەل مامۆستا مەلاحەسەن شیوەسڵی کە تایبەت بۆ ئەم ڕێوڕەسمە نێردرابوو، بە دەنگی خۆیان بۆ ئامادەبووان بڵاو کرایەوە.

بڕگەی دواتری ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە سروودێکی شۆڕشگێڕانە بەناوی "کوردستان" کە لەلایەن هونەرمەندی پێشمەرگە "نیزام سەجادییەوە" پێشکەش کرا.

دوابڕگەی ئەم مەراسمەش بریتی بوو لە شایی و هەڵپەڕکێ و گۆڤەندی بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە.

## پەیڤ

### بونیاتنانەوەی نیشتمانێک

**کەریم پەرویزی**

کوردستانی ڕۆژهەڵات وەکوو جوغرافیایەکی شوێنی نیشتەجێبوون، ڕەنگە لە باری سروشتییەوە، هەندێک جیاوازیی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریدا هەبێ. لەو بوارەوە و لە ڕووی جوغرافیاییەوە، کوردستان شوێنێکی شاخاوییە کە لە دەشتایی و خاکە کەویرییەکانی نێوەڕاستی ئێران و شوێنە فارسنشینەکان جوێی دەکاتەوە. یان لە بواری ڕادەی بارانبارین و سەرچاوەی ئاو و هەندێک پارامێتری دیکەوە، کوردستان تایبەتمەندییەکی هەبێ کە وەکوو هێڵێکی جوغرافیایی لەگەڵ دەوروبەردا جیاوازییەکان دیاری بکا؛ بەڵام ئەوەی کە شوێنێکی جوغرافیایی بۆ دانیشتووانەکەی دەکا بە نیشتمان، پارامێترە جوغرافیاییەکانی نین. بە واتایەکی دیکە، نیشتمان پێناسەیەکی هزری و شێوەڕوانینێکە کە شتی سروشتی لە شتی نێو مێشک و ڕوئیای مرۆڤەکان جوێ دەکاتەوە.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر پێویستە بڵێین جیاوازیی نێوان سروشتی جوغرافیایی و نیشتمان، وەکوو جیاوازیی نێوان خاک و بەرد، لەگەڵ ماڵدایە. خاک و بەردێک کە سەر یەک خرابێتن و هەڵچنرابن و دیوار و سەربان و ژووری لێ دروست کرابێ و بنەماڵەیەک تێیدا ببن بە خاوەن و تێیدا بحەسێنەوە، ئەوکاتە پێناسەی ماڵ وەردەگرێ.

کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ کورد و دانیشتووانەکەی شوێنی ژیانە و تێیدا ژیان بەسەر دەبەن. بەڵام دەسەڵاتی خاکەکە و شێوازی ژیان و بڕیار لەسەر داهاتووی وڵات و کۆمەڵگا بەدەستی خودی ئەو خەڵکەوە نییە کە تێیدا دەژین. لە ڕاستیدا وەکوو مرۆڤێک لە نێو شوێنێکی جوغرافیاییدا دەژین کە بڕیارلەسەری لە دەستی دەسەڵاتێکی داسەپاوی ستەمکاردایە.

ئایا ژیان لە شوێنێکدا کە بڕیاری چارەنووسی شوێنەکە و چۆنیەتیی ژیان و مانەوەت بەدەستی خۆت نەبێ، ژیانێکی ئاسوودە و جێی دڵنیاییە؟

بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە شوێنی ژیانیاندا هەست بە خاوەنماڵی بکەن و دڵنیابن لە داهاتوو ژیانی خۆیان و نەوەکانیان، دەبێ بڕیار لە سەر ماڵی خۆیان و ژیانی نێو ئەو ماڵە و ئیدارەکردنی ماڵ و ژیان بەدەستی خۆیان بێ.

لە نێو خاک و بەرد و دیوارێکدا ژیانکردن کە نە شێوازی ماڵەکەو ژوورەکانی و نە شێوازی ژیانکردن و نە چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە ژوورەکانی ماڵەکەت بەدەستی خۆت نەبێ، پێی ناڵێن

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# دەیەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دانیشتنێکدا لەسەر هاوکاری زیاتر و پڕەنسیپەکانی ناوەند و بە تایبەت هاوکاریی ئەمنییەتی گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەیەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان "محەممەدنەزیف قادری" بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاری، باسێکی لەسەر کار و چالاکییەکانی ناوەند و هەروەها مێکانیزمەکانی کارکردنی ناوەندی هاوکاری پێشکەش کرد.

دواتر هەرکام لە حیزبەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا لەبارەی بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانی ئەم دەورەیە پێشنیاراتی خۆیان بۆ چالاکییەکانی داهاتوو پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا هێڵە گشتییەکانی ناوەندی هاوکاری و پڕەنسیپەکان و ئامانجەکانی ناوەند خرانە بەر باس و بە تێکڕای دەنگی بەشدارانی کۆبوونەوەکە پەسند کرا.

بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەی ناوەند، باس لەسەر هاوکاریی ئەمنییەتی لایەنەکان بوو کە پاش نەزەر و بۆچوونی بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەتییەکانی سەر بە حیزبەکانی ناوەند، بڕیار و ڕاسپاردەی پێویست لەمبارەوە بۆ مێکانیزمی هاوکارییەکان پەسند کرا.

لە کۆتاباسی دەستووری کاری کۆبوونەوەی ناوەند، پڕۆژەی "پلاتفۆرمی هاوبەشی ناوەندی هاوکاری ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی" خرایە بەر باس و پاش ئاڵوگۆڕی بیروڕا، بڕیار درا لە داهاتوویەکی نیزیکدا پاش گونجاندنی نەزەری سەرجەم ئەندامان، وەک پلاتفۆرمی ناوەندی هاوکاری ڕوو بە ڕای گشتی و بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بڵاو بکرێتەوە.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سەر کشانەوەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەو ناوەندە، ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم شێوەی خوارەوەیە:

ئاگادارییەک لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ بیروڕای گشتی

هاونیشتمانییانی بەڕێز، هۆگرانی تەبایی و یەکگرتوویی

هەروەک ئاگادارن ساڵی ڕابردوو دوای هەوڵ و بەدواداچوونی زۆربەی حیزبەکانی کوردستان و بۆ وڵامدانەوە بە ویست و داخوازیی ئێوەی بەڕێز سەبارەت بە هاوکاری و یەکگرتوویی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دامەزرا. دواتر و لە ڕەوتی پێکەوە کارکردن پێویست بوو کە ئەم ناوەندە بۆ لێک تێگەییشتن و هاودەنگی زیاتر، هێڵە گشتی و پرنسیپەکانی خۆی بە مەبەستی گەییشتن بە ئامانجەکانی ڕوو بە خەڵک و بیروڕای گشتی بخاتە ڕوو. لەو بارەیەوە کۆمەڵێک بابەت لە چەند خاڵێکدا لە لایەن نوێنەرانی حیزبەکانی ئەندامی ناوەندەوە لە ژێر ناوی هێڵە گشتییەکان ئامادە کران و دوای باس و گۆڕینەوەی ڕوانگەکانی لایەنەکانی بەشدار لە ناوەند ئامادەی پەسند کردن بوو، بەڵام لە بەر ئەوەی کە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە تەنیا لە گەڵ چەند خاڵێکی بنەڕەتیی هێڵە گشتییەکاندا هاودەنگ نەبوو ناوەندی هاوکاری بۆ پاراستنی یەکڕیزیی ناوەند و ڕێزگرتن لە بیروڕای سازمانی خەبات و دانی کاتی زیاتر بەوان چەندین مانگ لە بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندنی ئامانج و پرەنسیپەکانی ناوەند خۆیان پاراست. بەڵام بەداخەوە ئەو سازمانە لە حاڵێکدا کە ئەندامانی ناوەند چاوەڕێی بەشداری ئەوان لە دەهەمین کۆبوونەوەی ناوەند کە ڕۆژی ١٩ی سەرماوەز ١٣٩٧ی هەتاوی بەسترا و تەرخان کرابوو بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لە سەر بڵاوبوونەوەی هێڵە گشتییەکان بدرێ، بەشدارییان نەکرد لە دوای بەشداری نەکردنی سازمانی خەبات لەو کۆبوونەوەیە، بۆ نیازپاکی زیاتر ناوەند هەئیەتێک پێک هاتوو لە ئەندامانی ناوەند ڕاسپارد سەردانی سازمانی خەبات بکەن، بەڵام سەردانی وەفدەکەش کاریگەری نەبوو و سازمانی خەبات هەر سوور بوون لە سەر قسەی خۆیان، کە نابێ چەمکی فیدراڵیزم بۆ ئیدارە کردنی سیستمی داهاتووی ئێران ببێتە ئامانجی ناوەند و تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر چەمکی سیکۆلاریزم و چەمکی وتوویژ وەک پرەنسیپ لە خەباتی سیاسیی ناوندەی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وەلابندرێ. بە داخەوە سازمانی خەبات دوای سەردانی وەفدی ناوەند، لە ڕاگەیاندراوێکدا و پاشان لە پرێس کۆنفرانسێکدا یەک لایەنە چەند قسەیەکییان کرد کە بەم جۆرە لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە ڕاستییەکان دەخرێتە بەرچاوی ئێوەی بەڕێز.

١. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندراوەکەیاندا باس لە پێشێل کردنی تەوافوق دەکەن و یەک لایەنە ناوەندی هاوکارییان بە هەڵوەشاوە ناوبردووە کە ئەو قسەیە بە تەواوی دوورە لە ڕاستی و ناوەند لە کاری خۆی بەردەوامە.

٢. چوار حیزبەکەی دیکەی ناوەند جگە لە سازمانی خەبات لە سەر فیدراڵیزم بۆ داهاتووی ئێران کۆکن، بەڵام سازمانی خەبات لەو بارەوە پێشنیارێکی باشتر لە فیدراڵیزمیان پێ نییە و سوور بوونی ئەوان لەسەر ڕای ڕێکخراوی خۆیان لە کاری هاوبەش، بەدوور لە پرەنسیپە دێمۆکراتیکەکان دەبیندرێ.

٣. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە گەڵ ئەوەی کە ڕووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامی بە باشترین بژاردە دەزانێ و لەوە دڵنیایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ کات بە شێوەیەکی جیدی باوەڕی بە وتوویژ بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێراندا نەبووە، بەڵام هاوکات بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان وتوویژ بە پرەنسیپێک لە کاری سیاسییدا دەزانێ و هیچکات ڕەتی ناکاتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە بوترێ کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان ئێران سەرەڕای بڕیاری یەکلایەنەی سازمانی خەبات بۆ چوونە دەرەوە لە ناوەند، جەخت لە سەر هەرچی بەرینترکردنەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەکاتەوە و لەو پێوەندیەدا لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوام دەبێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٧ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی**

# شاندێکی کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد



لە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە گرنگییەوە باس لە پشتبەستن بە ئیرادەی خەباتگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵک و کاری هاوبەش کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە سەرپەرەستیی سەید "ئیبرایم عەلیزادە" دەبیری ئەوەڵی کۆمەڵە، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندی حیزبی دێموکراتەوە، بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزب بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

"مستەفا هیجری"، وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان و خوشحاڵیدەربڕینی بۆ سەردانەکەیان، باسێکی لەسەر وەزعی سیاسیی ئەوڕۆی جیهان، ناوچەکە و بەتایبەت ئێران و کوردستان کرد و پێویستیی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بە زامنی سەرەکی دابینبوونی مافەکانی گەلی کورد زانی و کاری هاوبەش و پێکەوەبوونی بە ئەرکێکی هەنووکەیی زانی.

پاشان "عەلیزادە"، وێڕای سپاس لە حیزبی دێموکرات بۆ پێشوازییەکەیان، لێکدانەوەیەکی لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران و کوردستان پێشکەش کرد و سەبارەت بە هەرکام لە تەوەرەکان وەک وەزعی ئێران و کوردستان و کاری هاوبەشی دوو لایەنە و لە ئاستی کوردستان و ئێراندا ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕی.

لە کۆبوونەوەکەدا پاش تاوتوێ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر وەزعی سیاسیی ئێران و ئەو قەیرانانەی بەرەوڕووی ڕێژیم بوونەتەوە؛ هەر دوو لایەن لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە لەم بارودۆخە هەستیارەدا بە پشتبەستن بە ئیرادەی خەباتگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵک و خەباتی جەماوەری و پشتیوانیکردن لە داخوازییە ڕەواکانی کۆمەڵگا بە کاری هاوبەش گرینگی بدەن و هاوکات بە هاوکاریی لەگەڵ ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا دەوری شوێندانەریان هەیە، بە وەسەر یەکخستنەوەی هێز و تواناکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بگێڕن.

# مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە



ئەندامی ڕێبەریی حیزب و تێکۆشەری ناسراوی کوردستان، بەڕێز مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی سەبارەت بە دیاریکردنی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب، سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە.

تێکۆشەری ناسراو و دێرینی کوردستان و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، بەڕێز حەسەن شیوەسەڵی لە دووتوێی پەیامێکی دەنگیی ڕوو لە خەڵکی کوردستان، کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان، کەمئەندامانی کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی حیزب سپاسی خۆی بەبۆنەی دیاریکردنی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب لەلایەن ناوەندی سیاسییەوە دەربڕی.

ناوبراو لەم پەیامەدا وێڕای شەنوکەوکردنی گرینگی نێوەڕۆکی ئەم بابەتە، باسی لەوە کرد کە ئەم ڕاگەیەندراوەی ناوەندی سیاسی چەشنێک لە بەزاندنی سانسۆرە، بەو مانایە کە پاش زاڵبوونی چەشنێک لە ئەدەبیاتی ئەریستۆکراتیک بەسەر حیزبدا ئەم چەشنە هەنگاو و ئەدەبیاتە دەری دەخات حیزب جۆرێک لە مێتۆدی نوێ لە خەباتی گرتۆتە بەر کە ڕەوتی گەشەکردنی فەرهەنگی پێوە دیارە.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەشیاندا وێڕای ڕێزنواندن بۆ حیزب بەبۆنەی ئەم کارە پڕبایەخە ڕایگەیاند: دیاریکردنی ئەم ڕۆژە خاڵێکی جەوهەری تێدا بوو کە دەبێ بە گرینگییەوە لێی بڕوانین ئەویش بریتی بوو لە بەخشینی ناسنامەیەکی تازە بە کەمئەندامان کە لەباری سایکۆلۆژییەوە فەزای ناخۆشی زاڵ بەسەر ڕۆحی کەمئەندامانی شکاند.

# پارتی شەپێلا پێشەڕۆژا کوردی لە سووریە لەگەڵ حیزبی دێموکرات دیدارێکی پێک هێنا



پارتی شەپێلا پێشەڕۆژا کوردی لە سووریە، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوایین دۆخی ڕۆژئاوای کوردستانی خستە بەرباس و وتوویژ.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٨ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی، "ڕێزان شێخ مووس"، سەرۆکی پارتی "شەپێلا پێشەڕۆژا کوردی لە سووریە" بە یاوەریی شاندێک، سەردانی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی "حەسەن شەرەفی"، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازییان لێ کرا.

ڕێزان شێخ مووس باسێکی لەسەر هەلومەرجی سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوە کرد، کە حکوومەتی سووریە دەسەڵاتی بەدەستەوە نەماوە و ئەوەی خاوەن دەسەڵاتە وڵاتانی داگیرکەری وەک ئێران، تورکیە و ڕووسیەیە کە هۆکارێک بوون بۆ شکستهینانی شۆڕشی سووریە.

شێخ مووس، لە بارەی ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند، بەداخەوە بە هۆی دەسەڵاتی پاوانخوازی و تاک حیزبییەوە هەلومەرجەکە زۆر ئاڵۆزە و خەڵک و حیزبەکان هەر یەک بە شێوەیەک ئاوارە و دەربەدەر کراون و چالاکانی سیاسی گیراون یان دەرکراون. ئەم سیاسەتە هۆکارێکە بۆ ئەگەری لەدەستدانی ئەو دەسکەوتانەش کە لاوان بە خوێنی خۆیان بەدەستیان هێناوە، هەروەها سیاسەتی بەعەرەبکردن لە ڕۆژئاوا بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

پاشان حەسەن شەرەفی، ئاماژەی بە گرفت و دەرفەتەکانی پرسی کورد کرد و ڕایگەیاند: وڵاتانی ناوچە و جیهان هەر یەک بەپێی بەرژەوەندیان و بە شێوەی تاکتیکی ڕەنگە پشتیوانی لە کورد بکەن، بەڵام ئامادە نین لە بواری سیاسییەوە پشتیوانی لە ماف و داخوازەکانی کورد بکەن.

حەسەن شەرەفی، ئاژاوەگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سووریە و ناوچەکەی بە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ بشێوی و شەڕ و ماڵوێرانی لە وڵاتانی ناوچەکە و یەک لەوان سووریە زانی و خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد و بە دژی ڕێژیم ئێران بە شێوەیەکی جیدیتر لە ئارادایە و هەوڵدان بۆ لێکنزیکبوونەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات بە سیاسەتێکی هەمشەیی و پێویست زانی و پێکهاتنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش هەر لەو ڕاستایەیە.

لە کۆتاییدا دوو لایەن لەسەر پێوەندی و پشتیوانی یەکتر و بەشەکانی کوردستان بە دوور لە دەستێوەردان پێداگرییان کرد.

# بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە پرسەی ئەنوەرخانی سوڵتانیەنا



شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، لە شاری سلێمانی، بەشداریی لە پرسەی ئەنوەرخانی سوڵتانپەنا کرد.

ڕۆژی شەممە، ١٧ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "حەسەن شەرەفی"، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب، لە شاری سلێمانی، بەشداریی لە پرسەی ئەنوەرخانی سوڵتانپەنا کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات، هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان بە بنەماڵەی کۆچکردوو "ئەنوەر سوڵتانپەنا" ڕاگەیاند.

ئەنوەرخان، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێموکرات بوو، کە وێڕای خۆڕاگری لە زینداندا و دووری و دەربەدەری، بەوپەڕی شانازییەوە هەتا سەر وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات مایەوە.

بە لە دەستدانی ئەنوەرخان، حیزبی دێموکرات ئەندامێکی دڵسۆز و وەفاداری خۆی کە ماوەیەکی دوور و درێژ ئەندامی دەستەی نووسەرانی حیزب لە کۆمیسیۆنی ڕادیۆ و چاپەمەنی بوو، لە دەست دا.

ناوبراو جیا لەوەی کە تێکۆشەرێکی سیاسی بوو، لە بواری شێعر و وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبوو و لەو بارەوە چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە، کە بریتین: کۆی دیوانی شێعرەکانی لە ژێر ناوی "زایەڵەی خەیاڵ" و چوارینەکانی بە ناوی "گوڵستانی دڵ". وەرگێڕانی ڕۆمانی بەناوبانگی "بابا لنگ دراز" (بابە لاق درێژ) و وەرگێڕانی ڕۆمانی "خەونەکانی دێڵەگورگ" لە فارسیەوە بۆ کوردی و "کەلێنی پەنجەکان" کە نامە شێعریی نێوانی خۆی و مامۆستا "عاشق"ی شاعێرە. هەروەها دوو کتێب بە ناوەکانی مێژووی "عەشیرەتی زەنگەنە" و "تاڵ وشیرینییەکانی شۆڕش" نووسیوە کە لە بەردەستی چاپدایە .

# ئامانجەکان، ئەرکەکان و پرەنسیپە گشتییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەهەمبەر ئامانج و هێڵە گشتییەکانی کاری خۆی، «ئامانجەکان، ئەرکەکان و پرەنسیپە گشتییەکانی خۆی» بەمشێوەیە پێناسە کردووە:**

## پێشەکی:

پێویستیی هاوخەباتی و کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە مەش زیاتر، پێویستیی پێکهاتنی بەرە یا هاوپەیمانەتییەک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران، لە مێژ ساڵە هەستی پێ دەکرێ و بووە بە ویست و داوای هەنوکەیی خەڵکەکەمان.

لە درێژەی دیدار و دانیشتنە چەند قۆلیەکانی کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا و ئەزموونی پێکهاتنی کۆمەڵێک هاوهەڵوێستی و هاودەنگی لە نێوانیاندا، کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردایەتیی ٥ حیزبی کوردستانی ئێران لە ٩/١/٢٠١٨ (١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦) ، بڕیاری دامەزراندنی ناوەندێکی هاوکاری بە ئامانجی پەرە پێدانی هاوکاری و کاری هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان، پەسند کرد. هەموولایەنە بەشدارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەش لە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی کە هێزو توانایی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بۆ کاری هاوبەش کۆ بکاتەوە و لە ئاستی گشتی و نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بکا، وەک ئامانجی سەرەکیی ئەم ناوەندە، تەئکیدیان کردەوە. "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" لە دووهەم دانیشتنی ئەو ٥ لایەنە سیاسییە دا کە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦پێک هات، دامەزرا و بە ڕەسمی دەست بە کاربوونی خۆی ڕاگەیاند.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کاتی پێکهاتنیەوە تا ئێستا لە دانیشتنەکانی خۆی دا، زۆر پرس و بابەتی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە حیزبە سیاسییەکان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی هێناوەتە بەر باس و هەڵوێست و پەیام و بانگەوازی خۆی لە بارەیانەوە ڕاگەیاندوە. ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری ئەم ناوەندە لە هەڵویستگرتن و تێکۆشانی دا، کۆمەڵێک ئامانج و پرەنسیپی سەرەکین کە لە بەرنامەی سیاسی و پەسندکراوەکانی هەر کام لە لایەنەکانی پێکهێنەری ناوەند دا، ڕەنگیان داوەتەوە. ئامانجەکان و پرەنسیپە هاوبەشەکان کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دوای زنجیرەیەک باس و بیروڕاگۆڕینەوە، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ....پەسندی کردوون و، بۆ جێبەجێکردن و وەدیهێنانیان تێ دەکۆشێ، ئەمانەن:

ئامانجەکان، ئەرکەکان و پرەنسیبە گشتییەکان

١- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی گەلی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەو گەلە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات، سێکۆلار و فیدراڵدا دەکات کە مافی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینیەکان، مافی شارۆمەندی و نێوەرۆکی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، دابین بکات.

٢–ناوەندی هاوکاری میکانیزمی کاری هاوبەش لە نیوان حیزب و لایەنە سیاسیەکانی گۆڕەپانی خەبات لە کوردستانی ئێرانە و سەرەکیترین ئەرکی ئەم ناوندە وەگەڕخستنی پرۆسەی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی پێکهاتوو لە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێرانە.

٣- پێکهێنانی یەکهەڵوێستی و کۆدەنگی لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداو، ئالوگۆڕ و پرسەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستانی ئێران، کار و نوێنەرایەتی هاوبەش بۆ کوردستانی ئێران لە بواری نێونەتەوەیی وهەر وەها لە بارەی پرسە گرنگەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم ناوەندەیە.

٤- ئەولەوییەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، هەوڵ و تێکۆشانی خەباتکارانەی ئەندامانی ناوەندە بۆ دابینکردنی یەکگرتوویی و کۆدەنگیی نێوان هێزە سیاسیەکانی ئەم بەشەی کوردستان، پشتیوانی لە ئازادی سیاسی بە گشتی و ئازادی ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان و هەروەها لێکگرێدانی خەباتی خەڵك و حیزبە سیاسییە خەباتکارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە پێناوی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران و دابینبوونی مافەکانی گەلی کورد.

٥-ناوەندی هاوکاری، پشتیوانی خەباتی ژنانی کوردستان لە پێناو یەکسانی ڕەگەزی لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکان و داخوازییەکانیانە و، تێدەکۆشێ لە لایەکەوە بوار بۆ بەشداریی زیاتر وچالاکانەتریان لە خەباتدا بڕەخسێنێ، لە لایەکی تریشەوە پرسی ڕەوای ژنان و داخوازەکانیان بۆ یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و حەقخوازانەی کوردستانی ئێران، جێگە و پێگەیەکی دیار و سەردەمیانەی هەبێ.

٦-ناوەندی هاوکاری لە گەڵ کەڵکوەرگرتن لە هەموو شکڵ و شێوازەکانی خەبات دایە. ئەم ناوەندە هاندەر و پشتیوانی هاودەنگی و یەکگرتوویی نێوان خەباتکارانی مەدەنی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتە و لە سەر ئەم باوەڕەیە کە پێوەندیی نزیک و ڕێز لێکگرتنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بزووتنەوەی مەدەنیی نیوخۆ، زامنی بە هێزبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی وئازادیخوازی لە کوردستانی ئێران لە تەواوەتیی خۆی دایە

٧- لە ئاستی سەرانسەری (ئێران)دا، ناوەندی هاوکاری پشتیوانی لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران دژی ڕێژیمی دیکتاتوری کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەمانی ئەو دەسەڵاتە دەکا و، لەم قۆناغەی ئێستای خەباتدا ئامانجە گشتییەکان و سیاسەت و هەڵوێستی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و لەپێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، یەک دەخات.

٨- گرنگیدان و هاوئاهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازانە لە ئێران و پێکەوە گرێدانی بزووتنەوەی گەلی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەشێك لە سیاسەتی هەمیشەیی ناوەندی هاوکارییە. بنەمای ئەم ناوەندە بۆ هاوکاری وهاوپەیمانی لە گەڵ هێز و لایەنە سەرانسەرییەکانی ئێران لە پێوەندی لە گەڵ داهاتووی ئێراندا، بە ڕەسمییەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بە تایبەتی نەتەوەی کوردە، قبووڵکردنی دێمۆکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکە.

٩- ناوەندی هاوکاری، بە سازدانی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتیەکانی بڕیار، بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی و پشتیوانیی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی لە خەباتی گەلی کورد و داخوازەکانی ئەو گەلە تیدەکۆشێ. گوتاری ئەم ناوەندە لە بواری نێونەتەوەیی و دیپلۆماسیدا داواکارییە بۆ ئێرانێکی ئازاد و لە ئاست کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیدا دەروەست(متعهد) کە پشتیوانی لە تیرۆریزم، دەستێوەردان و شەڕخوازی لە ناوچەدا ڕەت بکاتەوە، بوون ومافی نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ئایین و کەمایەتییە جیاوازەکان لە نیو ئێراندا بەرەسمی بناسێت.

١٠- بنەمای هەڵوێست و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری لە ئاست وڵاتانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ناوچەدا، بەرژەوەندەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە ئەو پرەنسیبەیە کە زیان و خەسار بە بەرژەوەندەی نەتەوەیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نەگەیەنێت. ئامانجی ناوەندی هاوکاری، پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کورستانە. ئەم ناوەندە دەستێوەردان و بەدیل سازی لە هەربەشێکی دیکەی کوردستان ڕەد دەکاتەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی**

# دایکی شەهید کاوە جەوانمەرد پیرۆزبایی لە پێشمەرگەکان دەکات



دایە "نەهیە"، دایکی شەهید "کاوە جەوانمەرد" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە حەماسەی کۆساڵاندا تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پێشمەرگە ڕزگاریخوازەکان
ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کوردستان

ئەو کەسانەی بە ئاگایی تەواوەوە بڕیار ئەدەن ببنە پێشمەرگە، کە لە داوا و ویستە سەرەتایی و نەتەوەییەکانیان داکۆکی بکەن و ببنە نوێنەری گەلێک و خاکێکی داگیرکراو، بێگومان گەورەترین بەرپرسایەتی کەسێکی شۆڕشگێڕیان بە ئەستۆیە.

هەر بۆیە ئێوەی پێشمەرگە دەبێ هەر ڕۆژ ڕێز لە خەبات و ماندووییەنەبوونیتان بگیرێ. ڕۆژتان پیرۆزبێ ئەمەگناسترین ڕۆڵەکانی کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز پیرۆز ئەکەم لە ڕێبوارانی ڕێبازە ئاسۆ ڕوونەکەی ڕێبەرانی شەهید و کاکۆ و هاوڕێیەکانی؛ بە ئومیدی سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان و گەیشتن بەو ئامانجە بەرز و پیرۆزانەی کە باشترین ڕۆڵەکانمان گیانیان لە پێناویاندا خەڵات کرد.

**دایکی کاکۆ**

# سەرشۆڕی بۆ تفەنگەکانتان




دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ داکۆکیی لە کۆڵبەرانی کوردستان، پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی خەڵک دەکات.

بە مەبەستی پشتیوانیی لە توێژی کۆڵبەران لە کوردستان، کە دیاردەی کۆڵبەری ئاکامی سیاسەتی پاونخوازی و ناوەندگەرایی ئابووریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ پشتیوانی لە کۆڵبەرانی کوردستان و هەروەها پاڵپشتی لە نارەزایەتییەکانی خەڵک، دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی خەڵکەوە.

خەڵکی کوردستان دژی کوشتاری کۆڵبەران لە کوردستان بە دەستی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، چەندین جار نارەزایەتییان دەربڕیوە، بەڵام هیچ لایەنێکی ڕێژیمی ئێران وڵامدەری داواکارییەکانی خەڵک نارازیی کوردستان نییە و کوشتنی بەئەنقەستی کۆڵبەران لەژێر ناوی "قاچاخچی، مۆرەی بێگانە، دەستوپێوەندی بێگانە" و ناو و ناتۆرەی دیکە لە کوردستاندا درێژەی هەیە.

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاڵپشتی لە خەڵکی نارازی دەکات و دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ خەڵکی کوردستانەوە.

# پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگە لەلایەن خەلکی کوردستانەوە



خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەبۆنەی هاتنی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پیشمەرگەی کوردستان لە ڕێگەی جۆراوجۆر و بە ناردنی نامە و پەیام پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەیان لە هەموو پیشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان کرد.

پێشمەرگەکانی نێو شاری مەهاباد، خەڵکی ناوچەی ژاوەرۆ لە ئاواییەکانی ئەوێهەنگ، هوویە، سەرهوویە، ساڵیان، نجێ و بێساران، ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاوایی مێراو، بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حدکا لە شاری سەقز، بەشێک لە پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان و تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی تەوریوەری سنە، بە ناردنی پەیام پیرۆزبایی ڕۆژی پیشمەرگەیان کرد.

هەر لەم پێوەندییەدا یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، کەمپەینێکی لەژێر ناوی "پشتیوانی پێشمەرگە" ڕێکخست کە تێیدا داوایان لەسەرجەم ئەندامانی خۆیان و خەڵک لە ناوخۆ کوردستان کردبوو، بە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی خۆیان بە هەڵگرتنی درووشمی پشتیوانی لە پیشمەرگە بەشدار بن لەم کەمپەینەدا.

## درێژەی پەیڤ

ماڵ، بەڵکوو ئۆردووگایەکی کاری زۆرەملێیە کە دەسەڵاتدارانی سەرەکی لە بەهرەی ژیان و کاری تۆ دەخۆن و تۆش کۆیلەیەکی بێ داهاتووی لە بن پێی ملهۆڕانی ستەمکاردا.

ئایا ژیانکردن لە نێو جوغرافیایەکدا کە هەموو دابونەریتەکان و یاسا و ڕێساکان داسەپاو بن، پێناسەی ژیانی ئازاد و مرۆڤانە وەردەگرێ؟

راسانی ڕۆژهەڵات، ئیرادەیەکی هەڵقوڵاوی نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە دەیانەوێ کوردستان بکەن بەو نیشتمانەی کە خۆیان پێناسەی بۆ بکەن و خۆیان شوێنی ژیانی تێدا دیاری بکەن و لە ڕاستیدا بیکەن بە ماڵێک بۆ حەسانەوە و گەشەکردنی ژیان خۆیان و نەوەکانی داهاتوویان.

بونیاتنانی نیشتمانێک ئایا تەنیا بە یەک گرووپ و یەک هێزی سیاسی دەکرێ، یان پێویستە هەموو کۆمەڵگا بە هەموو گرووپە سیاسییەکان و هەموو چین و توێژەکانەوە لە دووبارە بونیاتنانەوەی نیشتماندا بەشدار بن؟

راسانی ڕۆژهەڵات، گرێدانی خەباتی شار و شاخە تاکوو هەم شاخ و هەم شار پێکەوە، ئەم شوێنی ژیانە بکەن بە نیشتمانی پێکەوەژیان و ئاسوودەیی و دڵنیایی لە داهاتووی ئازاد و گەشەسەندوو و دادپەروەرانە.

# کوردستان پەیمانی لەگەڵ پێشمەرگە نوێ کردەوە







لە ماوەی ڕابردوودا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشمەرگەکانی شار و لاوانی دەروەستی ڕۆژهەڵات بۆ پێشوازی لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و بەستنەوەی پەیمان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەردەوام چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو پێوەندییەدا لە شاری بانە، تێکۆشەرانی دێموکرات لە "سێڕای بۆیەن، بانە کۆن، پارکی شار، دووکانان و پیرموراد" و گوندی "بڵەسەن" تراکت و پوستێری تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەیان بڵاو کردەوە.

هاوکات لە شاری مەریوان ڕۆڵەکانی دێموکرات بە شێوەیەکی بەرین، وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەزیان لە نێو شار و گوندەکاندا و یەک لەوان گوندی "سەردۆش" بڵاو کردووەتەوە. لەو چالاکییەدا بە دروشمی وەک: " پێشمەرگە ناسنامەی گەلە، نەعرەتەی شێرانەی پێشمەرگە لە شاخ و شار هیوای دڵی گەلە"، پشتیوانیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دووپات کردەوە.

هاوکات ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاردێی "نێ"ـی هەمیشە دێموکرات، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. چالاکیی بەربڵاوی تەبلیغی وەک تراکت، وێنە و پوستێری و بنێری تایبەتیان بڵاو کردووە. لە درێژی ئەو کار و چالاکییانەدا ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شارەدێی نێ، جەختیان کردەوە کە شار پاڵپشتی لە شاخ دەکات و ڕاسان هێمای پێکەوەبوونمانە. ئەو شوێنانەی کە چالاکی تێدا بەڕێوە چووە بریتین: دەوروبەری "مزگەوتی سحابی جابانی کوردی، سوپر مارکتی میراجی، سوپر مارکتی چوارچرا، فرۆشگای ئاڵا، سوپر مارکتی ڕاسان، دەوروبەری چایخانە و نانەواخانەکان و تابلۆی ئەسڵی نێ، کە لە تابلوی ئەسڵی شاردێی نێ بنێرێکی گەورەی شەهیدان پێشەوا قازی، دوکتور سادق شەرفکندی و دوکتور قاسملوو هەڵکراوە، کە لەسەری نووسراوە: "نەسروتن هەتا سەرکەوت و بەڵێن دەدەین دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرین".

لە درێژەی کار و چالاکییە تەبلیغییەکاندا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "ئەندیژێ" و لە گوندی "کارخانە" و کارخانەی قەندی پیرانشار"، فەلەکەی "محەممەد هەوراز" سەر بە شاری پیرانشاریش بە نووسینی دروشمی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگە و بڵاوکردنەوەی وێنە و پوستێر پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەیان کرد و بەڵێنیان دا کە تاسەر وەفادار بن بە ڕێبازی پیرۆزیان.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری نەغەدە بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە، لە شوێنەکانی وەک "گەڕەکی عەجەمان، شەقامی شازدە دەزگا و پارکی مۆعەلیم" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان لە شارەکی سەنعەتی، گوندەکانی ناوچەی بۆکان، تابلۆی جادەی گوندەکانی ناوچەی فەرهادتاش، ئوشتەپە، ناچیت، شەهرەکی پیشەسازی و نێو پیشەسازان بەگشتی، کوڵتەپەی قورمیش، کانی سەیران، ئەربەنووس، قوتابخانەی ئەحەدی ئەربەنووس، گوندی سەرچاوە و دەوری مزگەوت، قوتابخانەی گوندەکان بەگشتی بە بڵاوکردنەوەی تراکت و سی.دی ڕێزیان لە ڕۆژی پێشمەرگە گرتووە، کە خۆشحاڵیی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە. هەروەها لە "ناوچەکانی ئاڵەشینی بۆکان، شارەدێی گامێشگۆلی، جادەی میاندواو و ناوچەی شاروێرانی مەهاباد"، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگە و هەروەها نووسینی دروشم پشتیوانیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دووپات کردەوە.

چالاکییە تبلیغاتییەکانی ئەندامانی حیزب بە ڕادەیەک بوو کە هێزێکی زۆری چەکداری پاسدار و جاش لە بۆکان و گوندەکان بڵاوەیان پێ کراوە.

هاوکات پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان بۆ چەندەمین جار لە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەز بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی لەناو شار و گوندەکانی دەوروبەر وەک "جادەی بۆکان هەتا قەرەموساڵی و ئاواییەکانی گۆکتەپە، ئەرمەنیبڵاغی، ڕەحیم خان، سەراو، کانیکوزەڵە و و قانزالی" ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەر جۆرە چالاکی و بەربەرەکانێیەک دەربڕی؛ هەروەها سەرەڕای هەبوونی پاسگا و پایەگای بەسیجی ڕێژیم چالاکی بەرینیان لە ناو شارۆچکەی قەرەموساڵی بەڕێوە برد و بەڵێنی وەفاداریان بۆ شاخ نارد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان لە "کێوەڕەشی بۆکان، پارک و سەیرانگای بۆکان" بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکت و پۆستێری تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگە بەرەو پیری ڕۆژی پێشمەرگەوە چوون.

لە بەشێکی دیکەی ئەو چالاکییە تەبلیغییانەدا، لە شاری ورمێ لە ناوچەی مەرگەوەڕ بەرەو پیری ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چوون و بە نووسینی دروشمی تایبەت بەو ڕۆژە، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژە ڕێزیان لە پێشمەرگە گرت.

پێشمەرگەکانی شار، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سایین قەڵاش بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغیی لە نێو شار و جادەی سایین قەڵا هەتا بۆکان و زۆربەی گوندەکان پشتیوانی و خۆشەویستیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە دەربڕی.

ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە، بریتین: لە "دونگز کەندی، ئاختەپە، مەحموودئاوا، ئۆینەچی، گاینجە، داشاغڵ، هەوارە بەرزە، ئالبڵاغ، گۆل، تورکماکەندی، قەڵایچی و جامەرد، سێڕێیانی نێو گوند و قوتابخانەی گوندەکان، جادەی شارەکانی دەورووبەر، زۆربەی کۆڵان و شەقامە تورکنشین و کوردنشینەکانی سایین قەڵا وەک پیشەسازان، معاینە فەننی و گازی سی.ئێن.جیی شار.

هاوکات قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەهاباد و گوندی خوڕخوڕە، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە نووسینی دروشم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ڕێزیان لەو ڕۆژە مێژووییە گرت. هەروەها لە شوێنەکانی وەک "بەری مەدرەسە، بەری شیلانان و باغی شایەگان، شەقامی قازی، باغی سیسە، تێرمیناڵی قەدیم. شارەکی کارمەندان، کوی هەژار، دۆڵی کەروێشکە، بەهارستان، دەوروبەری مزگەوتی شاریکەندی، قەسابخانە، حەوشەی بیمارستان، شەقامی پەرستار، شەقامی محەممەد ئەوراز، شەقامی سەدا و سیما، شەقامی زانکۆی پەیامی نوور، وروودی تاقەدار، مەیدانچەی حەسەنزادە، باغی شایەگان، بەری مەدرەسە و بەری شیلانان"، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. هەروەها لە مەیدانی "مەلا جامی، پێش دەرگای زانکۆی ئازادی مەهاباد، گەڕەکی تەپەی هوما، گەڕەکی سارمبەگ و گەڕەکی زەمینەکانی شارەداری" کار و چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چووە و بە نووسینی دروشم، بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر و هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ڕێزیان لە ڕۆژی پێشمەرگە گرت. پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان و مەهاباد، بۆ چەندەمین جارە لە نێوان شاری بۆکان و مەهاباد شکۆی دڕۆیین و پوشاڵینی کۆماری ئیسلامییان هێنایە لەرزە. ئەو چالاکییە بە شێوەی هاوبەش و پلانی پێشتر داڕێژراو لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لە گوندەکانی نێوان بۆکان و مەهاباد و بەشێک لە نێو شاری بۆکان و مەهاباد بەڕێوە چوو. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین: "میراوای بۆکان، دەوروبەری کارێژی سەیفالی بۆکان، پردی کۆبانی لە مەهاباد، دەوروبەری گازی سی.ئێن.جی و دەوروبەری تالاری سابڵاغ، دەوروبەری پاسگای میراوا، شاریکەند، نێو گوندی خولاماڵی، سەیرانگای پردی خولاماڵی، قالۆی ڕەسووڵ ئاغا، ئێسکی بەغدا، سمبە، قالۆی شێخان، ئاغۆتمان، قڕوچای عولیا، قروچای خواروو، قولقولە، قزڵ گونبەد، دەروێشان، قەرەداغ، دەوڵەتاوا، لاسە گوڵان، قەرەگوێز، قەڕەڵی، تەپی، قاجڕ، عەیشاوا، بوغدەداغی، کانی پانکە، دار بەسەر و خەلیفان، بەشێک لە جادەی مەهاباد ـ سەردەشت، چوارڕێیانی ئازادی، پارکی سەید قوتب، مەیدانی ئارد، شەقامی کارگەر، فەلەکەی کاکتووس، پردی شەوڕەنگ، ئووتووبانی شارەک، سێڕێیانی مەهاباد ـ بۆکان ـ میاندواو، تابلۆکانی قەراخ جادەی میاندواو ـ مەهاباد و ڕێگای دۆستاڵی .

لە درێژەی کار و چالاکییە تەبلیغییەکان، لە شاری سنەی قارەمان، بە بۆنەی هاتنی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بە نووسینی دروشمی وەک: "پیرۆز بێ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕاسان دژی حکوومەتی سێدارە بەردەوامە و ٢٦ی سەرماوەز پیرۆز بێت" ڕێزیان لە پێشمەرگە گرت.

لەلایەکی دیکەشەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندەکانی نییەر و تەنگیسەر، شیان و گەلێن ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان لە هەموو پێشمەرگە ئازا و بوێرەکان، لە هەموو ڕۆڵە قارەمانەکان و گیان لەسەردەستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی کرد و چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان کردووە.

پێشمەرگە هێز و پشت و پەنای خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردە، پێشمەرگە ڕەمزی سەرکەوتنی کوردستانە، پێشمەرگە هێمای بەرزیی نیشتمانە، پێشمەرگە سمبۆلی هزر و بیری خەڵکی کوردستانە، پێشمەرگە هەردەم لە دڵی خەڵکی کوردستانە، پێشمەرگە هێزی لەبڕاننەهاتووی خەباتی بێوچانە بەشێک بوون لەو دروشمانەی کە نووسران. هەروەها لە "گەڕەکەکانی عەباساوا، ئاغەزەمان، ئوستانداری، فەنی مەهەندسی، دەورووبەری مزگەوتی فەیزئاوا، شارەکی سەنعەتی، وروودیی سەقز بۆ شاری سنە، مەیدانی ئازادی، سەرگۆڕی شەهید ئەحمەد محەممەدی، نەنەڵە و ڕێگای ئاوایی قوڵیان دروشم و پوستێری تایبەت بەم ڕۆژەیان نووسی و بڵاو کردەوە.

هەر بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری تاران پێتەختی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و ئەمەگناسیی خۆیان بە پێشمەرگە دووپات کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری تاران، لە پەیامێکدا بە نێوەرۆکی: "سەرماوەزتان پیرۆزبێت، ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی نیشتمان، ئەی خۆشەویستترین ڕۆڵەکانی گەل، ئەی پشتیوانەکانی هەژاران، ئەی دوژمن بەزێنەکانی کوردستان، پیرۆزتان بێت سەرماوەزی پڕ لە شکۆی ڕاسان" پیرۆزباییان لە پێشمەرگە کرد. لە درێژەی ئەو کار و چالاکییانەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری تاران، لە مەیدانی "ئازادی" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

پێشمەرگەکانی شار، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "دەل" لە ناوچەی هەورامانی قارەمانپەروەر، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغیی پشتیوانی و خۆشەویستیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە دەربڕیوە؛ لەلایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەکانی شار، لە شاری پاوە بە نووسینی دروشمی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە، لە بەرزاییەکانی ئەم شارە پیرۆزباییان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد و پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدانیان دووپات کردەوە.

ئەندامان و پێشمەرگە قارەمانەکانی شاری سەقز بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی لە ناو شار و گوندەکان خۆشەویستی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە و ڕق و قینی خۆیان بۆ دەسەڵاتداری زۆرەملێی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی شار لە نێو شاری سەقز بە بڵاوکردنەوەی پۆستێری تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز لە گەڕەکەکانی "حەماڵاوا، مەیدانی هەڵۆ، مزگەوتی جامع و دەوروبەری زانکۆ" خۆشحاڵیان خستە دڵی خەڵکەوە.

هاوکات پێشمەرگەکانی شار، لەسەر تابڵۆی جادەی گوندەکانی سەقز هەتا بانە و لەو لای دیکەشەوە سەقز هەتا بۆکان پووستێریان بڵاو کردەوە کە بریتین لە ئاواییەکانی "یازیبڵاغی، ئاخکەند، مەڕخوز، ئاڵتوونی خواروو، سەرا ، شارەکی پیشەسازان زۆر بە چڕی، دەوری کارخانە ئاسفاڵت، دەور و پشتی پۆلیسڕای بۆکان سەقز".

هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری سەقز، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە لە نێو شاری سەقزدا، لە شەقامەکانی "وەلی خان، سەعدی، بلواری مەردستان، ئوستاد شیرازی، حەماڵئاوا، شارەکی دانیشگا، شارەکی گوڵان، مەسکەنی مێهری جاقل، مەسکەنی مێهری کودەشتەت، حافز، کەریماوا، سالاحاوا، کوشتارگا، شارەکی فەرهەنگیان، نەشمیلان، قوتابخانەی فارابی، گەڕەکی ئیمام جومعە، پشت دوخانیات، حافز، چوارڕا، گەڕەکەکانی شیوی جووتیاران و گۆڕە جوولەکە، شاناز و ڕوودەکی" وێنە و تراکتی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەیان بڵاو کردووەتەوە.

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی "سینگان" سەر بە شاری شنۆش بە نووسینی دروشمی و بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکت پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دەربڕی؛ هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ، بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە لە گەڕەکەکانی "ئەمیرئاباد، مام تەمر، شاکرئابادی خواروو و سەروو، سەیداوێ، مەجیدئاباد، ڕەحیمئاباد، قەبری شەهیدان و دەبیرستانی شەرەف" تراکت و پوستێری تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەیان بڵاو کردەوە. هەروەها لە شاری شنۆ لە نێو شار بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و لە گوندی سەرگیز بە نووسینی دروشمی تایبەت بەو ڕۆژە، ڕێزیان لە ٢٦ی سەرماوەز گرت.

# دەقی پەیامی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز لە چیاکانی کوردستان




خەڵکی تێکۆشەری کوردستان
پێشمەرگە قارەمان و شۆڕشگێڕ و لەخۆبوردووەکانی کوردستان
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان
کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەمڕۆ لە چیا سەربەرزەکانی کوردستان، لەگەڵ پێشمەرگەی خەباتکاری شاخ پیرۆزبایی ٢٦ی سەرماوەزتان لێ دەکەین.

رۆژی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، رۆژی وەبیرهێنانەوە و قامک لەسەردانانی تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە و رۆژی رێزگرتن لە فیداکاری و خۆبەختکردنی رۆڵە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکانی نەتەوەکەمانە، رۆژی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و گیان لەسەردەستانەیە کە سەنگەرەکانی خۆیان دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی پەت و سێدارەی رێژیم لەم هەلومەرجانەدا پاراست؛ ئەم قارەمانانە بوون، چەمکی گۆڕانکاری و راسانیان کردە مەشخەڵی جووڵانەوەی نوێ، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەموو خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەکانی کوردستان بەگشتی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەکەین، پیرۆزبایی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان و بنەماڵەی پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین کە بە ناردنی کچ وکوڕەکانیان بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان بە سەربەرزانە هەنگاوەکانیان بۆ رزگاری گەلەکەمان بەرەو سەرکەوتن هەڵدەگرن و بە بڕشتەوە، قایم و بەهێز بەرەو سەرکەوتن بەڕێوەن.

بۆ ئەو کەسانەی کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە دوورەوە پێ ئاشنان دەبن، سیمای چەکدارێکیان بۆ پێناسە دەکرێ، ئایا پێشمەرگە تەنیا مرۆڤێکی چەکدارە؟ پێشمەرگە خەباتکارێکی بە بیر و باوەڕ و مرۆڤێکی سیاسییە کە بۆ رزگاری گەلەکەی لە چنگ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و پاوانخوازی خەبات دەکات، لە دونیای ئەمڕۆدا چەند جۆر شەڕی چەکداری بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە سەر گەلاندا سەپاوە و ناوی جۆراوجۆر لە سەر چەکدارەکان دانراوە، بەڵام پێشمەرگە رۆڵەیەکی بە بیر و باوەڕی گەلی کوردە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەلەکەی تێدەکۆشێ و بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەی لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەردەگرێ کە یەک لەوان خەباتی چەکداری و بەرگری چەکدارانەیە، ئەگەر لە وڵاتانی دیکە بۆ پارێزگاری لە خۆیان لە رێگای ئیمکانات و دامەزراندن، هێزی چەکدار کۆ دەکەنەوە بەڵام پێشمەرگە بەپێچەوانەی ئەوە بێ‌بەرانبەر بۆ ئامانجی گەلەکەی دەستی داوەتە چەک، ئەگەر ئەوان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆیان خەڵک چەکدار دەکەن، پێشمەرگە بۆ روخاندنی دامودەزگای دیکتاتۆری دەستی داوەتە چەک و خەبات بۆ رزگاری گەلەکەی دەکا.

ئەگەر لە زۆربەی وڵاتان، هێزی نیزامی تەنیا کاری نیزامی دەکات، پێشمەرگە مرۆڤێکی سیاسییە و بەدوای ئامانجی خۆیدا دەڕوا، پێشمەرگە ئەو رۆڵە چاونەترسە سیاسییەیە کە بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی بۆ سەقامگیری دێموکراسی و مافی مرۆڤ و بەرگری لە چەوساندنەوەی مرۆڤەکان خەبات دەکات.

بۆ رۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک رۆژی پێشمەرگە دیاری کراوە؟ ئەگەر بە قووڵی بیر لە پێشمەرگە بکەینەوە دەبێ هەموو رۆژێکی ساڵ، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان بێت، بەڵام لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا هێزی چەکداری کورد دوایین ئاسەواری رێژیمی پاشایەتیان لە شارەوانی مەهاباد تێکەوە پێچا و خەڵکی ئەم دەڤەرە زەمینەی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بۆ ئامادە بوو.

هێزێک کە دواتر نازناوی پێشمەرگەی پێ بەخشرا، بوو بە سوپای میللی کوردستان و ئاڵای کوردستان لەم رۆژەدا هەڵکرا و لە ١٣٢٤ ی هەتاوی دوایین ئاسەواری دەسەڵاتی پەهلەوی پاک کرایەوە، لە ساڵی ١٣٦٣ لە پلینۆمێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و دانەری ناوی پیرۆزی پێشمەرگە ئەم رۆژەی وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرد.

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنەری یەکەم کۆماری کوردستان و ئاڵاهەڵگری یەکەم ئاڵای کوردستان و دامەزرێنەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

هاوڕێیانی هێژا لە سەرەتای پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە هەتا ئێستا خەبات و تێکۆشانی ئەم هێزە لەخۆبوردووە چەندین قۆناغ و گۆڕانکاری بە خۆوە دیوە هەم لە کوردستانی رۆژهەڵات و هەم لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە نازناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان بۆ خەباتکارانی رزگاری گەلەکەمان هەڵبژارد؛ لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێشمەرگە لە سەرەتای پێکهاتنی شانازییەکانی کۆماری کوردستان تا ساڵەکانی ٤٦- ٤٧ و هەروەها بەشداری چالاکانە لە ساڵی ٥٧ بۆ رووخانی رێژیمی پاشایەتی و رزگارکرانی کوردستان بۆ ماوەیەک لەو قۆناغەدا لە چنگ کۆنەپەرەستی و فاشیزم(دیکتاتۆری) هەروەها لە ساڵی ٥٧ تا هەنووکە خۆی بە یەک شێوە خەباتەوە قەتیس نەکردووە و لە هەموو شێوازەکانی خەبات بۆ ئازادی و رزگاری گەلەکەمان کەڵکی وەرگرتووە.

لە باشووری کوردستان پێشمەرگە بوو بە یەکێک لە ئاڵاهەڵگرانی رزگاری کوردستان لە عێراق و ئێستاش لە هەرێمی کوردستان پارێزەری ماف و کەرامەتی خەڵکی کوردستانە، ناوی پیرۆزی پێشمەرگە وەک شۆڕشگێڕێکی مرۆڤتەوەر و پارێزەری ماف و کەرامەتی مرۆڤ لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا دەدرەوشێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبێکی بەپرەنسیپ و بەرپرس بۆ پاراستنی ئەخلاق لە سیاسەتدا، لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا، رۆڵی کاریگەری لە پێشخستنی خەباتی نەتەوایەتی نەتەوەکەماندا هەبووە و هەنووکە دابینکردنی مافی نەتەوەیی، نەتەوەکەمان لە چوارچێوەی ئیستراتیژیکی دێموکراتیک و فیدراڵ دەبینێتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی هەنووکەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکانی ناوچە، حیزبی ئێمە بارودۆخی ناوچەی لێک داوەتەوە و لە بەهاری ساڵی ٩٤ پڕۆژەی نوێ بۆ خەبات و تێکۆشانی رۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان بە ناوی "ڕاسان"ی خستە بەر باس و راسان بوو بە پڕۆسەی رزگاریدەر و تەمومژی راوەستانی خەبات لە رۆژهەڵاتی رەواندەوە کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بوو. پۆل پۆل لاوانی خوێنگەرم و شۆڕشگێڕی کوردستان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ بەهێزکردنی شۆڕش و گۆڕانکاری روویان کردە سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان و قۆناغی نوێی خەبات و تێکۆشان لە بوارە جوراوجۆرەکان دەستی پێکرد، خەڵکی کوردستان کە لەدەست زوڵم و زۆر و پەت وسێدارەی رێژیم وەزاڵەهاتوون، پێشوازییەکی زۆر گەرم و گوڕ و بەرینیان لەو گۆڕانکارییە لە تاکتیکی ئەم خەباتە کرد، باوەشێکی ئاوەڵەیان بۆ ئەم پڕۆژەیەی پێشمەرگە بە گرمی کردەوە و جارێکی دیکە لە نێزیکەوە پێشمەرگەیان لە ئامێز گرت و خەڵک و پێشمەرگە دەس لەملان بە یەک شاد بوونەوە؛ راسان بوو بە پردی سەرکەوتنی قۆناغی نوێی خەبات وتێکۆشان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی شار و شاخ، شار چەقی خەباتە، پەیامی لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی ٩٤ کە لەوێدا باسی خەباتی شار و شاخی کردووە، گۆڕانکاری لە داهاتووی کوردستان تەنانەت ئێرانیش بە هەموو پێوانەیەک لە شارەکاندا دەست پێدەکات.

ئەگەر بە کورتی ئاوڕێک لە قۆناغی خەباتی ئەم چەند ساڵەی رابردوو بدەینەوە، بەو ئاراستەیە دەچین کە پاش ئەوەی شارەکانمان لە جەریانی هێرشی رێژیم بۆ شارەکان لە دەست دا و خەبات بەرەو گوندەکان و دوایی شاخەکان هەڵکشا، ئێمەی پێشمەرگە زۆرتر لەگەڵ خەباتی شاخ ئاشنا و شارەزا بووین، رێژیم شارەکانی بە هێزی نیزامی میلیتاریزە کرد؛ ئێمەش بایەخمان بەو راستییە و ئەسڵە نەدا کە بەڕاستی شارەکان دەبێ چەقی خەبات بن هەر بۆیە پێویستە لە ناوەندی شارەکانەوە، بزوتنەوەیەکی جەماوەری بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن وەڕێخەین.

ئێمە لەم قۆناغەی خەباتی هەنوکەییەی خۆمان هێشتا خەباتی چەکداریمان دەست پێنەکردووە ئەوەی ئێستا بەرچاو دەکەوێ حووزوری چەکداری ئێمە لە ناو کۆمەڵانی خەڵک و خۆڕێکخستنە بۆ خەباتی هەمەلایەنە کە بە هاوکاری گەلانی ئێران بەمەبەستی روخانی رێژیم و رەخساندنی هەلی گونجاو بۆ دابین بوونی مافەکانمان کار دەکەین.

پێشمەرگە لە کوردستان باسکی بە هێزی گەلە، پۆتانسیەلی هەموو شێوەکانی خەباتی تێدا بەدی دەکرێ، رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستادا لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی هەروەها ناوخۆیی خودی رێژیم لە وەزعێکی زۆر نالەبار و بێ سەرەوبەرەیی و بێ سەباتیدایە، لە نێو کۆمەڵگای جیهانیدا هیچ چەشنە ئیعتبارێکی نەماوە بە هۆی کردەوە تیرۆریستیەکانییەوە و دخاڵەت لە کاروباری وڵاتانی جیهان بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک پێشێلکەری مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا ناسراوە.

هەموو کۆڵەکەکانی سەقامگیری ئەو وڵاتە زۆر سست و لاواز بوون، ئیدی تەنیا پێویستی بە پاڵپێوەنانێکی هەمەلایەنە هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ ئۆپوزسیۆنی فەعال و یەکگرتوو دەتوانێ گەلانی ئێران لە چەنگ ئەم رێژیمە رزگار بکات، ئێمە وەک کورد لەگەڵ ئەوەی پێویستمان بە یەکدەنگی و یەکگرتوویی هەیە، هەر لەو کاتەدا پێویستە لەگەڵ باقی گەلانی ئێران بۆ پێکهێنانی ئاڵتێرناتیڤێکی رووخێنەر لەگەڵ باقی گەلانی دیکەی ئێران کار بکەین، ئەرکی پاراستنی نیشتمانی کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان، پێشمەرگە زیاتر لە هەر کات وەک خۆشەویستترین رۆڵەی کورد لە لووتکە هێشتووەتەوە و روون و ئاشکراشە بەپێی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و بارودۆخی ناوچە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەئییدی سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو قۆناغەکاندا کردووە.

لەو رۆژە پیرۆزەدا جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان بە تایبەت سڵاو بۆ شەهیدانی نەمری گەلەکەمان کە گیانی خۆیان لە رێگای ئامانجەکانی گەل بەخت کرد.

شەهیدانی راسان لە قۆناغی نوێی خەباتی گەلەکەمان چرای رووناکی و پیشاندەری خەباتی شار و شاخن، سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی راسان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان،

ئەو خەباتە ئێستا بووەتە کۆسپی گەورە بۆ دیکتاتۆرانی تاران و رێژیمی بێزار کردووە، خەباتی راسان و پڕۆژە و بەرنامەی راسانە هەر بەو بەرنامەوە بەرەوپێشچوونی ئەم پڕۆسەیە هەموو لایەک پابەند بە خوێنی شەهیدان و رێبازی پیرۆزیان تا سەرکەوتن بە سەر دوژمنان بەردەوام دەکا.

ئێمە وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبینە هەوینی قۆناغی پراکتیکی ئەو هێزە شوێندانەرە کە لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستە هەنگاوێک بێت بۆ زیاتر لەرزۆک کردن و بەچۆکداهێنانی رێژیم، داوا لە خەڵکی کوردستان بە تایبەت لاوانی خوێنگەرمی کوردستان دەکەین بە هاتنە ریزی پێشمەرگە رووخانی رێژیم نیزیکتر بکەنەوە و سەنگەری شەهیدان پڕ کەنەوە و قایم و پتەوتریان بکەن، داوا لە هەموو دڵسۆزانی گەلی کورد بە تایبەت ئەو کادر و پێشمەرگە شۆڕشگێڕانە کە ساڵانێ لە ریزی خەبات شەونخونییان بۆ رزگاری کوردستان کێشاوە و ئێستا بە هەر هۆیەک لە هەندەران گیرساونەتەوە بە هەر شێوەیەک پێیان دەکرێ هاوکار و پاڵپشتمان بن، داوا لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان دەکەین بە هەر شێوەیەک پێیان دەکرێ پاڵپشتی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن.

سەرکەوتن بۆ گەلی کورد و سەرشۆڕی و رووخان بۆ دوژمنانی گەلی کورد
سەرکەوتن بۆ هێزی شۆڕشگێڕ و رووخان بۆ دیکتاتورە خوێنرێژ و چەوسێنەرەکانی وڵاتەکەمان
سەرکەوێ جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان
بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵاهەڵگری رزگاریخوازی گەلی کورد
بژی هێزی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل
بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی

# دەقی پەیامی تەیموور مستەفایی ئەندامی ناوەندی سیاسی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز لە کەمپی جێژنیکان



بەشداربووانی بەڕێز !
٢٦ی سەرماوەز هاوکات دوو بۆنە ڕێزیان لێ دەگیرێت یەکیان ڕۆژی پێشمەرگەیە کە ئەم مەراسمەی ئێمە لەو پەیوەندییەدایە، بۆنەی دووهەم سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە و بە ڕۆژی ئاڵا ناسراوە کە لەلایەن پارلمانی کوردستانی باشورەوە بڕیاری لەسەر دراوە ساڵانە ڕێوڕەسمی تایبەتی بۆ پێک دێنن، کە جێگای خۆشحاڵی ئێمەشە، شانازی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو ڕۆژەدا لە کۆماری کوردستان بووە کە ئەویش پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە بۆیە بەم بۆنانەوە پیرۆزبایی لە ئێوە و هێزی پێشمەرگە و تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەم.

خۆشک و برایانی خۆشەویست:
جەنگاوەرانی هەر نەتەوەیەک کە لە پێناو گەل و وڵاتەکەیاندا دەجەنگن ناوی تایبەت بە خۆیان هەیە، گەلی ئێمەش بۆ جەنگاوەرانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەمان ناوی پڕ ناوەڕۆکی پێشمەرگەی دیاری کردووە.

پلینۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم لە ١٥ تا ٢٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ بەڕێوە چوو، لەو پلینۆمەدا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی هێزی پێشمەرگە وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کرد. دیاریکردنی ئەم ڕۆژە لە بەر ئەوە بوو کە لەو ڕۆژەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتی لە بەشێکی کوردستاندا هاتبوو. هێزی پێشمەرگە لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان و بەها مرۆییەکان کردووە، هەر بۆیە، ئێستا ئیتر بووەتە ناوێکی ناسراو و وەک هێزێکی بە بیروباوەڕ و دژە تێرۆر ناسراوە کە جێگای ڕێزلێگرتنی کۆمەڵگای جیهانییە و لە شەقامی بەهێزترین وڵاتی دونیادا پەیکەری بە نیشانە و هێمای ئازادی و دژی تێرۆر بۆ دادەنرێت.

پێشمەرگە کێیە؟
پێشمەرگە هێزی چەکداری گەلە، بەڵام هێزێکە کە کاری تەنیا چەک هەڵگرتن و شەڕکردن و کوژران و کوشتن نییە، بەڵکوو چەکدارێکە کە دەزانێ چەکی هەڵگرتووە تا لە پێناو ئامانجێکدا کە وەدیهێنانی دێمۆکراسی و ڕزگاریی نەتەوەییە بۆ گەلەکەی خەبات بکات. ئەو دەزانێ و بە قووڵی تێگەیشتووە کە گەلەکەی چەوسێندراوەتەوە، زوڵمی لێکراوە و حاشا لە بوونی دەکرێت، ڕێگای پێشکەوتنی لێدەگیرێ و لە یەک کەلامدا کەرامەتی خەوشدار دەکرێت. پێشمەرگە دەزانێ ئەم گەلە بە هێزی خۆی و بە قارەمانەتی و فیداکاریی ڕۆڵە بەوەجەکانی نەبێ، هەرگیز بە ڕزگاری و ئازادی ناگات. لەم تێگەیشتنەوەیە کە خۆشەویستترین کەسەکانی، واتە بنەماڵەکەی بەجێ دەهێڵێ و بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاریی گەلەکەی ڕوو لە ڕیزی پێشمەرگایەتی دەکات. ئەوان دەزانن پێشمەرگایەتی یانی دەستهەڵگرتن لە هەموو خۆشییەکانی ژیان و خۆبەختکردن لە پێناوی گەلەکەیان، و لە ڕاستیدا ئەم ڕێگایەیان بە ئاگاییەوە هەڵبژاردووە هەر بۆیە شایانی هەموو ڕێز لێگرتنێکن.

بەشدارانی بەڕێز!
پێشمەرگایەتی تەنیا لە بەرگریی چەکداریدا کورت ناکرێتەوە، تێکۆشانی ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ، هەروەها ئەندامانی ئاشکرای حیزب لە دەرەوەی وڵات و باشووری کوردستان لە شێوازی جۆراوجۆردا بەشێکی گرینگی پاڵپشتی لە بەرگریی چەکدارانەن. ئەندامانی نێوخۆی وڵات لە پێناوی بەرەوپێشبردنی ئەم خەباتە ڕەوایەدا بەرەوڕووی زیندان، ئەشکەنجە و ئازاری ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان بوونەتەوە و ژمارەیەکیشیان سزای ئیعدامیان بە سەردا سەپاوە، ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکراش بە هاوکارییە مادی و مەیدانییەکانیان لە ڕۆژە سەخت و چارەنووسسازەکاندا سەلماندوویانە کە ئەوانیش پێشمەرگەن. لەوەش زیاتر هەموو ئەو کەسانە کە لە یارمەتی گەیاندن بە پێشمەرگە و پاراستنیان لە دوژمن هاوکاری پێشمەرگە دەکەن حیسابی پێشمەرگەیان بۆ دەکرێ.

پێشمەرگە قارەمانەکان!
ساڵی ڕابردوو لە جەولەکانی هێزی پێشمەرگە لە قوڵایی ناوچەکانی کوردستاندا بەداخەوە ژمارەیەک لە باشترین پێشمەرگەکان لە جەریانی تێکهەڵچوون لەگەڵ بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا پاش بەرگرییەکی قارەمانانە شەهید بوون کە سڵاو دەنێرم بۆ گیانی هەرگیز نەمریان و لەو پەیوەندییەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەمکی خۆبەختکردن و خۆپاراستن لە ڕەوتی خەباتی پێشمەرگانەدا بکەم. خۆبەختکردن و خۆپاراستن ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا دژ بە یەکن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا تەواوکەری یەکترن. لە لایەک خۆبەختکردن لە پێناوی خەباتدا بۆ وەستاندنی دوژمنێکی هار و دڕندە زۆر پێویست و لە جێگای خۆیدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ پێشمەرگەکانمان بە فێربوونی ئوسوولی شەڕی پارتیزانی و لە بەرچاوگرتنی ئوسوولی خۆپاراستن هەوڵ بدەن لە ڕادەی زیان و زەرەرەکانیان لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا هەتا ڕادەی شەهیدێکی پێشمەرگە لە بەرانبەر زیاتر لە دە کوژراوی دوژمندا کەم بکەینەوە. بە داخەوە بیرێکی چەوت و باو لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا جێگیر بووە کە خۆپاراستن لە زیانی زیاتر، بە ترسنۆکی لێک دەدرێتەوە. لە کاتێکدا کە خۆپاراستن زۆر جیاوازە لە ترسنۆکی و بگرە نیشانەی ئەوپەڕی وریاییە. لەم بارەوە نابێ گوێ بدەینە ئەو پڕوپاگەندە زیانهێنەرانە کە بێجگە لە زیانی زیاتر، هیچی لێ ناکەوێتەوە.

بەشدارانی بەڕێز!
بە پێویستی دەزانم کە لێرەوە وڵامی ڕەخنەیەک کە زۆر جار لە شێوەیەک لە خەبات کە خەباتی چەکدارییە و کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و مەدەنی و تەنانەت ژمارەیەک لەو حیزبانە کە ساڵانێکی دوور و درێژە ئەم شێوە خەباتەیان بەڕێوە بردووە دەگرن وتەنانەت بە زیانهێنەریشی دەزانن بدەمەوە. زۆر جار کە ئەم ڕەخنەیە بەرەوڕووی بەرگریی چەکداری دەکرێتەوە ئەو پرسیارەم لا دروست دەبێ کە تۆ بڵێی ئەم ڕەخنەگرانە لەم جوغرافیایەدا نەژیابن، یان ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی پاش چل ساڵ لە دەسەڵاتدارەتی نەناسن و جینایەتە بێ ئەژمارەکانی ئەم ڕێژیمەیان هەر لە کۆمەڵکوژی شار و گوندەکانی کوردستان، کۆمەڵکوژی و ئیعدامە بە کۆمەڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ٥٩ لاوی مەهابادی لە ساڵ ١٣٦٢ و ئیعدامە بە هەزاران کەسییەکانی ساڵی ٦٧ هەتاوییان لە بیر چووەتەوە و باسی خەباتی مەدەنی لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا دەکەن. با لە ڕابردوو بگەڕێین دیسان لە خاوەن ئەم بۆچوونانە دەپرسم مووسەوی و کەڕووبی و هاوبیرەکانیان بێجگە لە ئیلتزام بە کۆماری ئیسلامی و داواکردنی دەنگە دزراوەکانیان، چییان کردبوو کە ئەوە بۆ دە ساڵە حەبسی خانەگین، خۆ ئەوانیش خەباتی چەکدارییان نەکردبوو، ئەی چارەنووسی بەناو سەرداری ئیسلاحات واتە خاتەمییان لە بەرچاو نییە کە مەمنوعولتەسویر کراوە. با لە ئێستای کوردستانیش بڵێم، ئەو هەموو کۆڵبەرە کە ڕۆژانە دەکەونە بەر پەلاماری چەکدارەکانی ڕێژیم و گیانیان لێ دەستێندرێ کە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا نزیکەی ٣٠ کەسیان کوژراون و زیاتر لە ٧٠ کەسیان بریندار بوون، ئەی شەریف باجوەر و هاوڕێکانی کە ٤ کەسیان شەهید و چەند کەسێکیشیان بە ڕادەیەکی زۆر جەستەیان سووتا بێجگە لە پەیداکردنی بژێوی بۆ بنەماڵەکانیان وپاراستنی ژینگە چ تاوانێکیان هەبوو. بێجگە لەم چەند نموونەیە دەتوانم بە سەدان نموونەی دیکەی جینایەتی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی سیڤیل ئەنجامی داون بێنمەوە، تەنیا لە بەر درێژنەبوونەوەی وتارەکەم لە نموونە هێنانەوەی زیاتر خۆ دەبوێرم. لە دواوتەم لەم بەشەدا ئەوەی کە هەمیشە گوتوومانە، چەند پاتەی دەکەینەوە کە خەباتی مەدەنی بە باشترین شێوازی خەبات دەزانین و بە قووڵی بڕوامان پێیەتی، لە ڕابردوودا کارمان لە سەر کردووە و لە داهاتووشدا بێگومان وەک شێوازێکی خەبات کاری لە سەر دەکەین. بەڵام دوایین پرسیارم لەو پەیوەندییەدا ئەوەیە کە گەلۆ ڕێژیمێک بەو کارنامەوە ڕێگا دەدا بە خەباتی مەدەنی؟ ئەی ئەگەر ڕێگای نەدا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەموو کوشتن و بڕین و بێ ماف کردنە ڕێگایەکی دیکەیان پێ شک دێت؟ مەگەر ئێمە بەرگریی چەکداریمان بە ویستی خۆمان هەڵبژارد؟ مەگەر چەندین و چەند جار بۆ گەیشتن بە مافەکانمان داوای وتوویژمان نەکرد؟ مەگەر بەهایەکی گەورە و گرانمان لەو پێناوەدا نەدا کە لە ئاکامدا شەهیدکرانی ڕێبەرانمانی لێ کەوتەوە؟ بێجگە لەوەش با بەراوردێک لە نێوان ئەو هێز و سازمانانەدا بکەین کە بەشێکیان لە بەرانبەر هێرشی کۆماری ئیسلامیدا بەرگری چەکدارانەیان هەڵبژارد (حیزبی دێمۆکرات، موجاهدین، کۆمەڵە و...) لەگەڵ ئەو هێز و سازمانانە بە بیانوی خەباتی دژی ئیمپریالیستی کەوتنە هاوکاریکردنی کۆماری ئیسلامی (حیزبی توده، چریکە ئەکسەریەتیەکان و...) کامەیان ئێستا لە مەیداندا ماونەتەوە و کامەیان وەک بەفری زستانان تواونەتەوە؟ من لە سەر ئەو بڕوایە نیم کە لە بەرانبەر ئەم ڕێژیمەدا بێجگە لە قورس و قایم ڕاوەستان، هیچ ڕێگایەکی دیکە هەبێت. هەر بۆیە پێداگرم لە سەر بەرگریی چەکداری دژی ئەم ڕێژیمە وەک شێوازێک لە خەباتی ڕەوا. با ئەوەشم بە جێ نەهێشتبێت کە وەک ئینسانێک زۆر دڵگرانم بە کوژرانی مرۆڤەکان و بە تایبەت هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانم، بەڵام وەک شەهیدی ڕێبەرمان دوکتۆر قاسملوو فەرموویەتی گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات. یا دەبێ ئەو نرخانە بدەین و خەباتەکەمان لەسەر پێ ڕاگرین یا دەست بەردەینەوە و تەسلیمی ڕێژیمی دژی گەلی و بە تایبەت دژەکوردی کۆماری ئیسلامی بین.

هاوڕێیانی بەڕێز !
ساڵی ڕابردوو چەند ڕووداوێکی گرینگ لە کوردستاندا ڕوویان دا کە بە پێویستی دەزانم ئاوڕێکی خێرا و کورتیان لێ بدەمەوە. یەکەم ڕووداو کە کارەساتێکی مرۆیی لێ کەوتەوە و بوو بە هۆی لەنێوچوونی ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکانی ئەزگڵەی باوەجانی و سەرپێڵ و زەهاو، لەو ڕووداوەدا بە هەزاران کەس گیانیان لە دەست دا و بە دەیان هەزار کەسیش ماڵەکانیان بە تەواوی تەختی زەوی بوو و بێ خانە و لانە بوون، ئەمە بۆ دووهەمین زستان دەچێ کە هەروا لەژێر خێوەتدا ژیانی کولەمەرگی تێدەپەڕێنن. لە ماوەی یەک و دوو مانگی ڕابردووشدا بۆ چەند جاری دیکە بوومەلەرزە لەم ناوچەیەی دایەوە و کۆماری ئیسلامی نەک هەر هیچ چەشنە هاوکارییەکی ئەم خەڵکەی نەکردووە، بگرە زۆربەی هەرە زۆری یارمەتییەکانی خەڵکی کوردستان و تەنانەت بەشەکانی دیکەی ئێرانیش کە بۆ ئەم خەڵکە لێقەوماوە هاتووە، لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە دەستیان بە سەردا گیراوە و بە دەستی خەڵک نەگەیشتوون. ڕوودانی ئەم بوومەلەرزانە بۆ چەندین جار لە ماوەی ساڵێکدا گومانی لای خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت دەرەوەش دروست کردووە.

ڕووداوی دیکە کە سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵە نێوخویی و ڕاگەیاندنە بیانییەکانیشی بە لای خۆیدا ڕاکێشا، ڕووداوی سووتانی چوار ژینگەپارێزی مەریوانی بوو کە بە پێی هەموو بەڵگەکان پیلان و کردەوەیەکی جینایەتکارانەی دیکەی ڕێژیم بووە و خەڵکیش لەو ڕاستییە ئاگادار بوون، هەر بۆیە لەگەڵ دەربڕینی نارەزایەتی لە لایەن خەڵکی ئازا و بوێری مەریوانەوە ڕووبەڕوو بوو، لەو ئێعتراز و ڕێپێوانانەدا دروشمی نەتەوەیی دەگوترانەوە کە یەکێک لەو دروشمانە پشتگیریکردن بوو لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات، هەروەها ئەم ڕووداوە ئێعتراز و مەحکوومکردنی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگای کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشی لێکەوتەوە.

ڕووداوی دیکە، مووشەکباران کردنی بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان لە کۆیە بوو کە لەو مووشەکبارانەدا بە داخەوە ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و پێشمەرگەکان شەهید و ژمارەیەکی زیاتریش بریندار بوون، هاوکات و هەر لەو ڕۆژەدا ٣ چالاکی سیاسیی کوردیش لە زیندانەکانی ڕێژیمی کوردکوژی ئێراندا لە سێدارە دران. ئەم مووشەکباران و لەسێدارەدانانە دەنگدانەوەی نێوخویی و نێودەوڵەتیی بە دواوە بوو، تا ئەو جێگایە کە باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان وێڕای باسکردنی ئەم مووشەکبارانە، کردەوەی کۆماری ئیسلامی بە سنووربەزاندن ناو برد و مەحکوومی کرد. لە پانتایی کوردستانیشدا لە هەموو بەشەکان، هاوسۆزییەکی بەرچاو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو سنووربەزاندنەی کۆماری ئیسلامی هەبوو. پاش ئەم ڕووداوە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد کە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دوکان و بازاڕەکانیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و ئێعتراز بەو کردەوەیەی ڕێژیم و پشتیوانی لە ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانیان دابخەن. بە خۆشییەوە وێڕای گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵک داواکارییەکە وەڵامی ئەرێنیی وەرگرتەوە و ئەمە وەڵامێکی ددانشکێن بۆ ڕێژیم بوو، هەروەها یەکگرتوویی هێزی خەڵکی کوردستانی دەرخست. ئەم یەکگرتووییە لە نێوخۆدا پەیامێکیشی بۆ حیزبەکان هەبوو کە ئەگەر ڕێگای یەکگرتوویی بگرنە بەر، خەڵکی کوردستانیان لە پشتە. بە خۆشییەوە وەکوو وەڵامدانەوەیەک بۆ قۆناغی هەستیاری ئێستا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێک هاتووە کە هیوادارم ئەم ناوەندە لە داهاتوودا بەرینتر بکرێتەوە. هەر لەو پەیوەندییەدا دەبێ هەوڵ بدەین بۆ یەکگرتوویی زیاتر و تۆکمەتر کە پێویستی ئەم قۆناخە و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

بابەتی دیکە کە بە پێویستی دەزانم لێرەدا باسی بکەم، سەردانی ئەم دواییەی سادق زیباکەلام، کەسایەتیی ئاکادیمیکی ئێرانی، بۆ زانکۆی کوردستان لە شاری سنە بوو کە لەو سەردانەدا سێمینارێکی بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی لەمەڕ داهاتووی ئێران و هەروەها تێگەیشتن لە شێوازی بیرکردنەوەی توێژی ئاکادێمیکی کوردستان لە پرس و بابەتە سیاسییەکاندا پێک هێنا. ئەوەی کە لەو سێمینارەدا سەرنجڕاکێش بوو، هەڵوێستی ئازایانە و نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بوو کە ڕاشکاوانە و بە دەنگێکی دلێرانە ڕایانگەیاند خۆیان بە خاوەنی ڕێبازی نەتەوەیی و درێژەدەری ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدمان پێشەوا قازی موحەممەد و دوکتور قاسملوو دەزانن. هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و پێشمەرگەئاسای خوێندکارانی کورد لەو سمینارەدا بۆ جارێکی دیکە سەلماندی کە لە ڕاستیدا سەرەڕای هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەکان، شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بە جەماوەری دەکرێت و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان خۆیان بە خەباتکار و پێشمەرگەی ئەو ڕێبازە دەزانن. لێرەدا پێویستە سپاس و ڕێزی خۆمان و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان ئاراستەی ئەو خوێندکارە بوێر و بەبیروباوەڕانە بکەین و پێیان ڕابگەیەنین کە خەباتە پیرۆزەکەمان پشت ئەستوور بە نەسڵێکی تێگەیشتوو و وڵاتپارێزی وەک ئێوە، هەنگاوەکانی بەرەو سەرکەوتن و ڕزگاریی نەتەوایەتی، لێبڕاوانەتر لە هەمیشە هەڵدەگرێت و تا گەیشتن بە ئامانج، لە بڕینی ئەو ڕێگا پیرۆزەدا بەردەوام دەبین.

خۆشک وبرایانی بەڕێز!
لە ماوەی ڕابردوودا پیلانێکی ڕێژیم بۆ تەفرەقە خستنە ڕیزی خەڵکی ناوچەکانی کوردستان هاتە ئاراوە کە لەو پیلانەدا، مۆرەکانی ڕێژیم بابەتێکیان بە ناوی شێوەزاری فارسیی کرماشانی ورووژاند کە کاردانەوەی چالاکانی مەدەنی پارێزگای کرماشان و ناوچەکانی دیکەی بە دوادا هات. ورووژاندنی ئەم جۆرە بابەتانە بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە نێو ئاخێوەرانی شێوەزارە کوردییەکاندا شتێکی تازە نییە، بەڵکوو لە ڕابردووشدا بە هێنانەگۆڕێ شێوەزارە جوراوجۆرەکانی زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز هەوڵیان داوە یەکڕیزی و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی نێوان خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان تێک بدەن کە مۆرەکانی ئیتلاعات لە پشتی ئەم بابەتانەدا بوون و تەنانەت ڕێکخراوی تایبەتیشیان بۆ پێک هێناوە.

سەرکوت و زەبروزەنگ و دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی بە تایبەت پاش وەڵامدانەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بانگەوازەکەی ناوەندی هاوکاری و ڕێکخراوەکانی دیکە بۆ بەستنی دوکان و بازارەکان زیاتر و بەربڵاوتر بووە و بە دەیان لاوی کوردستان لەو پەیوەندییەدا لە لایەن دەزگا ئەمنییەتیەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون کە هێشتا چارەنووسی بەشێکی زۆریان ناڕوونە.

کوشتنی کۆڵبەران هەروا بەردەوامە و بەرپرسانی ڕێژیم بە فەرمی ڕایانگەیاندووە کە تەقە لەو کەسانە دەکەن کە کاری کۆڵبەری دەکەن. بەڵام خەڵک بە هۆی نەبوونی کار و گرانبوونی شتومەکی خواردن، ناچارن درێژە بەو کارە بدەن. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا نزیکەی ٣٠ کۆڵبەر کوژراون و زیاتر لە ٧٠ کۆڵبەر بریندار بوونە. ڕێژەی بێکاری لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ٤٠٪ تێپەڕیوە. بێکاری لە لایەک و گرانی لە لایەکی دیکەوە بوونەتە هۆی هەژاریی زیاتری کۆمەڵگا، بە چەشنێک کە لە شارێکی وەکوو سنەدا زیاتر لە ٣هەزار منداڵ تووشی کەم خۆراکی بوونە. پارێزگای ئیلام کە لە باری کانزای جۆراوجۆری ژێرزەوینی و بەتایبەتی نەوتەوە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئێرانە، لە ڕیزی کەم خۆراکترین پارێزگاکان لە ئێراندا بە ئەژمار دێت. دیاردەیەکی ناشیرینی دیکە ئەوەیە کە بە هۆی نەبوونی پووڵ بۆ کڕینی سووتەمەنی، بە داخەوە زۆر زیاتر لە ڕابردوو خەڵک ڕوویان لە بڕینی دارستانەکان کردووە.

بەشدارانی بەڕێز!
ئێران لە ساڵی ٩٧ی هەتاویدا لەگەڵ چەندین کێشە و قەیران ڕووبەڕووە کە پێنج لەم قەیرانانە بە (ئەبەر چالش) یان قەیرانی قووڵ دەناسرێن کە بە وتەی لایەنی فەرمیی حکوومەت بریتین لەم قەیرانانە: قەیرانی ئاو، قەیرانی ژینگە، قەیرانی بێکاری، قەیرانی سیستمی بانکی، قەیرانی سندووقی خانەنشینی. بوونی ئەم قەیرانانە ئەگەر گەمارۆکانی ئەمریکاشی لێ زیاد بکەین کە ڕۆژ بەڕۆژ توندتر و بەربڵاوتر دەبن و ئەو دەوڵەتانەش کە بەڵێنییان بە ئێران دابوو کە لە دەربازبوونی ئەو قەیرانانەدا یارمەتیی ئێران بکەن، بێجگە لە قسە نەبێ هیچیان پێ ناکری، تەنانەت ئەگەر کارێکیشیان پێ بکرێ تا ئێستا بە کردەوە هیچیان نەکردووە. بە پێی هەموو لێکدانەوەکان هەلومەرجی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئامادە بووە، بەم هۆکارانەی خوارەوە:
١- قەیرانی جۆراوجۆر کە لە سەرەوە ئاماژەم بە ژمارەیەک لەو قەیرانانە دا، بەرۆکی ڕێژیمی گرتووە کە توانای چارەسەر کردنیانی نییە. ٢- خەڵکی ئێران بە هۆی ناکارامەیی سیستمی کۆماری ئیسلامی و جینایەتە بێ ئەژمارەکانی بڕوایان بەو سیستمە نەماوە (قەیرانی مەشرووعیەتی) هەیە. ٣- ڕێژیم لە ئێنزوا و تەریککەوتنی نێونەتەوەییدایە. ئەم سێ خاڵە سەرەکییە زەمینەی نەمانی مەشروعیەتی هەموو سیستمێکە. کەوابوو کێشەکە لە کوێدایە کە هێشتا ڕێژیم ماوەتەوە؟
لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ بگوترێ بە هۆی نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی دێموکراتیکەوەیە کە هێشتا ڕێژیم ماوەتەوە. هەر بۆیە، هەمووان دەبێ هەوڵ بدەن بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی دڵخواز و دێموکراتیک کە ویست و داوا ڕەواکانی گەلانی ستەملێکراو و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران لە بەرنامەی پێشنیارکراوی خۆیدا بۆ بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو بگونجێنێت.

لە کۆتاییدا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان پیرۆز بێت و بەو هیوایەم کە ڕەنج و فیداکارییەکانیان ببێتە هۆی گەیشتنی گەلەکەمان بە ئازادی و ڕزگاریی نەتەوایەتی.

بژی پێشمەرگە، خەباتکاری ڕێگای ئازادی
سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد

# کورتەیەک سەبارەت بە خەباتی نەتەوەیی، قۆناخ و تایبەتمەندییەکانی

د. میرۆ عەلیار



## بەشی ١

خەباتی نەتەوەیی، خەباتی نەتەوەیەکە کە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ و سەروەریی سیاسی نییە، خاک و نیشتمانی دابەش یان داگیر کراوە، لە وڵاتەکەدا هوییەتی نەتەوەیی جیاوازە لە هی نەتەوەی حاکم، بەڵام نکۆڵی لەو جیاوازییە دەکرێ و هوییەتی سەربەخۆی لەلایەن نەتەوەی دەسەڵاتبەدەستەوە دانی پێدانانرێ و مافە نەتەوایەتییەکانی ناسەلمێندرێ، بە هاووڵاتی دەرەجە ٢ دەژمێردرێ و مافە سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی لێ زەوت کراوە. لە هەموو بارێکەوە بەشێوەی سیستماتیک هەڵدەواردرێ، دەچەوسێتەوە و سەرکوت دەکرێ.

کاتێک ئەو گەلە ستەملێکراوە بەمەبەستی دواییهێنان بەو بارودۆخە نارەوایە ڕادەبێ کە خۆی لە بندەستی و زوڵم و زۆر ڕزگار بکا و بڕیار دەدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و بە ئازادی و سەربەستی بژی، پێی دەگوترێ خەباتی نەتەوەیی.

ئەوە کە خەباتی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆ بەڕێوە دەچێ یان بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی ستەملێکراو لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، لەلایەکەوە گرێدراوە بە زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی، بە تایبەتی بە هێز و دەسەڵات و یەکگرتوویی و ئاستی سازماندراوی و گشتگیربوونی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز و موشارەکەتی چالاکانەی خەڵک.

لەلایەکی دیکەوە، فاکتەری مەسڵەحەت و بەرژەوەندی یەکلاکەرەوەیە: ڕەنگە زۆرایەتی نەتەوەیەک کە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا دەژی و سەرجەم مافەکانی بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی وڵات دەستەبەر کراوە، لەباری سیاسی و ئابووری و ئەمنییەت و مێژووییەوە جیابوونەوە بە مەسڵەحەتی نەتەوەکەی نەزانێ، وەک کەبەک لە کانادا، تیرۆلی باشوور لە ئیتالیا، سکاتلەند لە بریتانیا... جیاوازی هەڵوێست لەو پرسەدا بەهیچ جۆر بەو مانایە نییە کە لایەنگرانی جیانەبوونەوە لە سەربەخۆییخوازەکان کەمتر نیشتمانپەروەرن یان بەپێچەوانەوە. ئەوە دەکەوێتە مەقوولەی جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانین لە بەرژەوەندیی. مافێکی دێموکراتیک و ڕەوایە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێشێ کە ئەی چۆنە دروشمی زۆربەی نزیک بە تەواوی حیزبەکانی هەر چوار بەشی کوردستانیش چارەسەریی پرسی کوردە لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لەکاتێکدا ئەو وڵاتانە دێموکراتیک نین؟

ئەوە بەر لە هەموو هۆکارێک دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی- جوغرافیایی تەواو تایبەتی (منحصر بفرد) کوردستان.

دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی گرنگی ناوچەی ئیستبدادلێدراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کارەساتی بۆ کورد لێکەوتۆتەوە: دابەشبوونی خاک و حەشیمەت، دابەشبوونی هێزی سیاسی و مرۆیی، دابەشبوونی ئابووری، تەنانەت دابەشبوونی بەرژەوەندیی نەتەوەیی... لەو دنیایەدا هێچ نەتەوەیەک شک نابەین کە بەو حەشیمەتەوە لە ناوچەیەکدا بەو شێوەیە دابەش کرابێ!

لێرەدا کە باس لە "هێز و دەسەڵات" دەکرێ، مەبەست تەنیا هێز و ئیمکاناتی نیزامی نییە، بەڵکوو هەموو ئەو بوار و فاکتەرانەیە کە "هێز و دەسەڵات"ی نەتەوەیەک پێکدێنن: سیاسی، ئابووری، نیزامی، کۆمەڵایەتی، ڕەوانی، ئاستی گەشەسەندوویی ناسیۆنالیزم، حەشیمەت و هەڵکەوتە و بارودۆخی ژێئوپۆلیتیکی... تێگەیشتن و بەدیکردنی "هێز و دەسەڵات" تەنیا لە هێز و ئیمکاناتی نیزامیدا، هەڵەیەکی گەورەی ستراتێژیکییە. ئەو تێگەیشتنە موتڵەقە لە "هێز و دەسەڵات" خەباتگێڕی نەتەوەیی تووشی لێکدانەوە و نەتیجەگیریی نادروست و لەدواییدا هەڵوێست و بڕیاری نەگونجاو دەکا و جووڵانەوە ناتوانێ کەڵک لە ئیمکاناتی "بالقوە"ی خۆی وەربگرێ ولە ئاخردا هەمیشە کارەسات و تەمابڕاوی و شکانی بۆ بزووتنەوە لێدەکەوێتەوە.

کاتێک لەو پێوەندییەدا باسی سیاسەتی واقیعبینانە دەکرێ، مەبەست ئەوەیە کە "هێز" وەک خۆی ببیندرێ و لە پێناسەکردنی "هێز" و بەتایبەتی لە داڕشتنی ستراتێژی خەباتدا، فاکتەرە پێکهێنەرەکانی "هێز" لە بەرچاو بگیرێن.

### قۆناخەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد

بەپێچەوانەی تێڕوانینی جێگرتوو کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد بەسەر دوو قۆناخی بەر لە دامەزران و دوای دامەزرانی حیزبە سیاسییەکاندا دابەش دەکا، بەبڕوای من خەباتی کورد بە سێ قۆناخدا تێدەپەڕێ:

١- قۆناخی ڕاپەڕینی کەسایەتییەکان (شێخ، ئاغا، مەلا یان سەرۆک عەشیرەت) بەدژی زوڵم و زۆرداریی ڕێژیمەکان و بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستی. ئەو قۆناخە سەردەمی بەسەر چووە.

٢- قۆناخی جووڵانەوەی ئەحزابی کوردی بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان کە بە دامەزرانی حیزبە سیاسییەکان دەستی پێکردووە و هەتا ئەوڕۆش درێژەی هەیە.

٣- قۆناخی بەنەتەوەییبوونی خەبات.

تایبەتمەندییەکانی قۆناخی دووهەم، قۆناخی ئێستای خەباتی ئەحزابی کوردی زۆرن، بەڵام دیارترین و بەرچاوترینیان ئەوەیە کە خەباتی حیزبەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە پڕشوبڵاوی، ململانێی ناسالم و بەبێ هەواهەنگی و پلانی هاوبەش و دامەزراوەی نیشتمانی، بەڕێوە دەچێ. هێز و وزە و ئیمکاناتی جووڵانەوە بەسەر حیزبەکاندا دابەش کراوە.

لەو قۆناخەدا، حیزبی سیاسی وەک وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانج نابینرێ، حیزب خۆی ئامانجە!

بەهۆی نەبوونی یەکیەتی سیاسی و کۆدەنگی و بەرە و ستراتێژیی ڕوون، شتێکی فۆرمولەکراو بەناوی "بەرژەوەندیی گشتی جووڵانەوە" لەگۆڕێدا نییە. لە ئاکامی ئەو وەزعەدا، هەر حیزبەی بەگوێرەی تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆی بەرژەوەندی جووڵانەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حیزبەکەی پێناسە دەکا.

بۆیە، لەو قۆناخەدا لە زۆربەی پرسە نەتەوەییەکاندا، بەرژەوەندیی ئەحزاب دەکەوێتە سەرووی بەرژەوەندی جووڵانەوەوە. دەستەواژەی "بەرژەوەندی گشتی" ئێستاش واتایەکی (مفهوم) جێگرتوو و سەلمێنراو نییە؛ بۆیەش، لەو قۆناخەدا هەستی هاوپێوەندی نەتەوەیی وەک فاکتەرێکی گرنگ و هەوێنی خەباتی نەتەوەیی، زۆر لاواز و لەرزۆکە. جێگای داخە بەڵام واقعییەتە کە لەو خەباتە نابەرابەر و پڕتێچووەدا، لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستاندا، نەک هەر بەرە، بەڵکوو تەنانەت هاوپەیمانییەک یان کۆدەنگییەکی سەقامگیر و ستراتێژیک شک نابەین!

ئەوە لە کاتێکدایە کە یەکەم، زۆربەی نزیک بە تەواوی حیزبەکان لە یەک یەکی بەشەکانی کوردستاندا نەک هەر دوژمن و چارەنووسی هاوبەشیان هەیە، بەڵکوو لە ئامانجی سیاسیشدا جیاوازیان نییە و هەموویان خەبات بۆ مافەکانی نەتەوە لە چوارچێوەی وڵاتەکاندا دەکەن!

دووهەم، ڕەنگە ئەحزابی سیاسیی کەم نەتەوەی ڕزگاریخواز بە ئەندازەی حیزبە کوردستانییەکان بەگشتی، خەباتگێڕ و تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و ئامادەی قوربانیدان بن؛ بەڵام لەبەرئەوەی خەباتەکەیان یەکگرتوو و یەکگوتار نییە، کاریگەریی و دەسکەوتەکانیان بارتەقای فیداکاری و تێچوو و لێبڕاوییان نەبووە.

ئەو دیاردانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، لە هەر چوار بەشی کوردستان ئەوەندە ئاشکرا و بەرچاون کە حاشایان لێناکرێ و بوون بە کۆسپی سەرەکی بۆ وەدیهاتنی خەباتی یەکگرتوو و بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و زیانی قورسیان بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد گەیاندووە و زۆر دەرفەتی ڕەخساو بۆ گەلەکەمان لەکیس چوون.

لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە هەتا ماوەی قۆناخی دووهەم درێژتر ببێتەوە و زیاتر بخایەنێ، هەزینەی قورستر بە سەر خەباتی ڕزگاریخوازدا دەسەپێنرێ و ئەرکی ڕێژیمەکان لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی چەوساندنەوەی کورد و سەرکوتی خەباتەکەی، ئاسانتر دەکاتەوە.

ئێستا ئێمە لەبەر دەرگای قۆناخی سێهەم واتە "بەنەتەوەییبوونی خەبات"دا وەستاوین و پێویستە بەمەبەستی پەرەپێدان و گەشەپێدان بە خەباتی ڕزگاریخواز و وەدیهێنانی ماف و ئازادی بۆ گەلەکەمان، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بدەین کە جووڵانەوەی ڕزگاریخواز خۆی لە قۆناخی دووهەم ڕزگار بکا و پێ بنێتە قۆناخی سێهەمەوە.

بۆئەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی نەهادینە بکرێ و بچێتە نێو قۆناخی سێهەمەوە، پێویستە پێنج پێشمەرجی بۆ دابین و ئامادە بکرێ:

١. پێداچوونەوە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە مانا و ماهییەتی خەباتی نەتەوەیی. بارودۆخی خەباتی کورد لە هەموو بارێکەوە گۆڕانی قووڵی بەسەردا هاتووە و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێ، بیرکردنەوە و تێڕوانین و ستراتێژی نوێ دەخوازێ.

٢. پێکهێنانی بەرەی دێموکراتیک و دروستکردنی گوتاری هاوبەشی نەتەوەیی.

٣. پێکهێنانی دامەزراوە و نیهادگەلی نیشتمانی هاوبەش و دێموکراتیک: نوێنەرایەتی هاوبەش لە ئاستی هەرێمی و نێونەتەوەییدا بۆ کاری دیپلۆماسی، ڕێکخراوگەلی هاوبەشی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی، هێزی پێشمەرگەی نیشتمانی (لە جێگای هێزی نیزامی ئەحزاب کە زۆر جاران بۆتە هۆکاری هەڵایسانی شەڕی نێوخویی!)، ناوەندگەلی ئازاد و سەربەست بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی پرسە ستراتێژییەکان (ژووری بیرکردنەوە) ...

جووڵانەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیک دەبێ نەهادینە و خاوەن موئەسساتی هاوبەش و سەربەخۆ بێ.

٤. خەباتی نەتەوەیی پێویستیی بە کولتووری سیاسی سەربەخۆ هەیە. بوونی کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک و پێشکەوتووی جیاواز لە کولتووری دەسەڵاتی حاکم بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد حەیاتی و چارەنووسسازە. کولتوورێک کە بڕوای بە پلۆرالیزم هەبێ و بتوانێ ببێتە بنەمای دێموکراتیزەکردنی جووڵانەوە و کۆمەڵگا، کۆکەرەوە و وڵامدەرەوەی ویست و زەروورەتەکانی ئەوڕۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز بێ و هوییەتی سیاسی- کولتووریی سەربەخۆی پێ ببەخشێ.

٥. بڕواهێنانی بەکردەوە بە دەور و بەشداریی خەڵک: ئەزموونی جووڵانەوەی کورد و زۆر لە گەلانی دیکە دەیسەلمێنێ کە بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک وەک شەریک و هاوبەش، دەورێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوە لە سەرخستنی خەباتی ڕزگاریخوازدا دەگێڕێ. هەڵەیە خەڵک وەک پەراوێز و سەرچاوەی پێداویستییەکانی خەباتی حیزبەکان سەیر بکرێ.

خەڵک دەبێ بێ واسیتە لە خەبات بۆ ڕزگاریی خۆیدا بەشدار و هاوبەش بێ. دروشمی "خەبات لەگەڵ خەڵک" پێویستە جێگای دروشمی "خەبات بۆ خەڵک" بگرێتەوە.

ئەو پێنج فاکتەرانەی سەرەوە هەوێنی بەنەتەوەییکردنی جووڵانەوە و پێناسەی خەباتێکی نەتەوەیی- دێموکراتیکن، هەستی هاوپێوەندی نەتەوەیی بەهێز دەکەن، دەرخەری پێگەیشتوویی و بلووغی سیاسی ئەحزابی سیاسین و ئیعتبار و ڕەوایی تایبەتی دەدەن بە خەباتی نەتەوەیەکی بندەست بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس.

بەو جۆرەیە کە ئەحزاب دەتوانن بە یەکگوتاری لە پوتانسییەلەکانی خەبات کەڵک وەرگرن و فیداکاری و لەخۆبوردوویی پێشمەرگە بکەن بە دەسکەوتی سیاسی بۆ گەلەکەمان. ئەوکاتەیە کە جووڵانەوە لە پڕشوبڵاوی ڕزگار و بەهێز دەبێ، دەچێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی وڵاتەوە، کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە دادەنێ و سرنج و پشتیوانی بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆلای خۆی ڕادەکێشێ.

بۆیە، هەوڵ و تێکۆشان بۆ دابینکردنی یەکیەتی و یەکگوتاری و خەبات بە یەکگرتوویی، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری و لە ئیلزاماتی خەباتی نەتەوەییە.

هەوڵی بەردەوام بۆ بەهێزکردنی جووڵانەوە لەڕێگای نەهادینەکردن و دێموکراتیزەکردنی، لە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی جیا ناکرێتەوە و بەنرخترین و کاریگەرترین خزمەتە بە جووڵانەوەی ڕزگاریخواز.

چەوساوەبوون و ڕەوابوونی خەبات و دێموکراتیک بوونی داخواز، لەو سەردەمەدا بەتەنیا جووڵانەوەی نەتەوەیەکی بندەست سەرناخا.

تەنیا بە بانگەشە و هەڵگرتنی دروشمی نەتەوەیی و دیاریکردنی ئامانجی دێموکراتیک، جووڵانەوە لە ناوەڕۆکدا نەتەوەیی و دێموکراتیک نابێ. بۆ ئەوەی خەباتی ڕزگاریخواز لە نێو خۆیدا ماهییەتەن نەتەوەیی و دێموکراتیک بێ، پێویستە بەستێنی بۆ خۆش بکرێ و بەئیرادە و لێبڕاوانە هەوڵی بۆ بدرێ.

# خۆرە دەم بە خەندەکەی شەوی یەڵدا

**جاقل**



ژیان جێژنێکی گەورەیە کە هەموو مرۆڤەکان بە تێکرا بۆی بانگهێشت کراون. زەوی دەوڵەمەندە و بەشی هەموو ئینسانێک بژیوی تێدایە . خوانی وەها دەوڵەمەند بە سفرەی هیچ دیوەخان و کۆشک و تەلارێک ناشوبهێندرێ . مرۆڤ لە هەر چین و توێژێک بێت تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ لە مەزنایەتی ئەم جێژنە گشتیە تێبگات کە لە ناخی دڵەوە پێبکەنێت و ئازادانە ڕێگای ژیان و ژیانەوەی هەبێت . پێکەنین تەنیا شتێکە کە هەموو ئینسانێک دەتوانێ لێی بەهرەمەند بێت . پێکەنین جێژنێکی دەروونی گەورەیە کە ئینسان دەبوژێنێتەوە و ڕوخساری جوانییەکانی دونیا بۆ ساتێکیش بێت بۆ ئینسان دەردەخات . سەرەڕای هەمووی ئەو بەڵا سروشتیانە کە گەردوون تاو نا تاوێ بە سەر ئینسانیدا دەسەپێنێت کەچی بەشی هەرەزۆری مەراق و ڕەنجەکان ئەو بەڵایانەن کە ئینسانێک بەرانبەر بە ئینسانەکانی دیکە دەیکات . بەشێ لە ئینسانەکان دەبنە هۆکاری چەوساندنەوەی ئینسانەکانی دیکە، دەبنە هۆکاری خەمۆکی و نیگەرانیان . ئینسان لە دەست هاونەوعەکەی خۆی ڕادەکات، دەگیرێ و ئەشکەنجە دەدرێ و ئازار دەچێژێ . لە نێوان ئازارەکاندا ئازارە ڕۆحیەکانی مرۆڤێک کە بۆ باقی ئینسانەکانی دروست دەکات گشتگیرترە و بەردەوامیشی زیاترە . هەر بەو چەشنە کە مرۆڤ بێبەزەییانە دەکەوێتە گیانی زەوی و ئاسمان و هەزاران جار بۆ قازانجێکی ماددی و بەرژەوەندیخوازانە زەوی هەڵدەکۆڵێ، یان بە میلیۆنان تۆن ئەشغاڵ لە ئاسماندا بڵاو دەکاتەوە و بەم کارە ئازاری هەموو سروشت و گەردوون دەدات . هەر ئاواش و بگرە زۆر خراپتر ئازاری ڕۆحی ئینسانەکانی دیکە دەدات . کوشتنی ئینسان بە دەستی ئینسان لووتکەی ئەم جینایەتە بەرژەوەندیخوازانەیە کە مرۆڤێک وەک نەخۆشێکی سادیستی دەیهەوێت مافی ژیان لە بەرانبەرەکەی بە ناوی جۆراوجۆرەوە زەوت بکات ....

هەوڵ و کۆششەکانی ئینسان بۆ ئەوەی شەڕ بنبڕ ببێت هەتا ئێستاش بە ئاکام نەگەیشتووە . شەڕ لە هەموو فۆرمەکانیدا ڕۆژانە دووپات دەبێتەوە . شەڕ بە ڕوخساری هەموو شتێکەوە دیارە بێجگە بە ڕوخساری شادی و پێکەنینەوە نەبێ . پێکەنین و شادی هەر چەند کاتیش بن ناخی مرۆڤ بەرەو ئینسان بوون دەگوازنەوە . خەمۆکی هەزاران نەخۆشی دەروونی لێدەکەوێتەوە و ئیزنی تێفکران لە جوانییەکان لە مرۆڤ دەستێنێتەوە . خەمۆکی خێراتر لە شادی پەرە دەستێنێت، هەر ئەوەش هۆکارێکی گەورەیە کە ئینسانی ناشاد بەردەوام لە زیاد بووندا بێت . بزەی سەرلێو و نەوعە جیاوازەکانی شادی بەخشین جوانترین دیارییەکن کە ئینسانێک دەتوانێ ڕۆژانە بە بەرانبەرەکەی ببەخشێت .

شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەو مرۆڤە شاد و لێو بە بزە بوو کە هەتا دواساتەکانی ژیانی ، ژیانی وەک جێژنێکی گشتی دەبینی کە هەموو مرۆڤەکان مافی بەشداریان تێیدا هەیە و هیچ مرۆڤێک حەقی نییە لەژێر فکریەتی هێژمۆنیخوازانەی خۆیدا یان بیرۆکەکەیدا باقی ئینسانەکان لە شادی و بەختەوەری بێبەش بکات . ئینسان بە هەموو بیر و بۆچونەکانیەوە [ مادام کە پیلان و پەلاماری بۆ سەر ئازادییە فەردی و گشتییەکانی لێنەکەوێتەوە ] لای ئەو جێگای ڕێز بوو . قسەی خۆش و پێکەنینە ڕۆژانەکانی وزە و توانایان بە هاوڕێکانی دەبەخشی . لە بیرکردنەوەی قاسملووی نەمردا ژیانی تاکەکانی کورد تێکەڵ بە شادی و خەباتێکی زانستیانە لە کاری هەرەوەزیدا دەبێت . درۆ نییە ئەگەر بڵێین خەبات لای ئەو گەڕی ڕەشبەڵەک و دیلانێکی گەرم و گوڕ بوو کە هەموو هاونیشتمانییێک مافی بەشدار بوونیان تێیدا هەیە .

ڕەنگاڵەیی سیاسەت لە هونەری مومکیندا، خۆقەتیس نەکردن لە نێوان دوو ڕەهەندی ڕەش و سپی یان سفر و سەددا تەنیا لە دڵێکی فراوان و شادەوە سەرچاوەی دەگرت کە خۆرە بێ هاوتاکەی شەوی یەڵدا پێشکەش بە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی دەکرد . مرۆڤی نەخۆش و خەمۆک و بەرچاوتەنگ و پاوانخواز ناتوانێ لە مانای ئەوە تێبگات کە هیچ نیعمەتێک لە ئازادی بەنرختر نییە. شادی ڕاستەقینە لە داوێنی ئازادی لە دایک دەبێت . خۆشی ژیان تەنیا ئەو کاتە ڕووی جوانی خۆی پیشان دەدات کە مرۆڤ هەست بە سەربەستی بکات . قاسملوو زۆر وانەی تایبەتی بۆ نەتەوەی کورد لە پاش خۆی بەجێهێشت کە خۆیشی ڕۆژانە ئەو ڕەفتار و ئەسڵانەی ژیان و خەباتی بەڕێوە دەبرد کە بەخشینی شادی بە بەرانبەرەکەی یەکێک لەو وانانە بوو . لەوانەیە هەڵە نەبێ ئەگەر بڵێم لە قانونی دژایەتی گەردووندا دێوەزمە ڕەشپۆشەکەی جەماران و پێغەمبەری ئاشتی و شادی و ئازادی دوو جەمسەری جیاواز و بە تەواوی دژی یەکی ئەم جیهانە بوون . گزینگی دەم بەخەندەی شەوی یەڵدا لە ماوەی بە دژی هەر چەشنە زوڵمێک خەباتی کرد . قاسملوو نەیدەتوانی دژی تاریکی و ڕەش پۆشی و گریان و چەوساندنەوە هەڵوێست بگرێ و خەبات بکات ئەگەر دڵفراوانی و شادی و پێکەوە ژیان لە دەروونیەوە وەک کانیاوە ڕوون و هەمیشە لە جۆشەکانی کوردستان هەڵنەقوڵابایە .

شاگردانی مەکتەبی ئازادیخوازی ئێستاش دیوی جوانییەکانی سروشت و ئینسانەکان زیاتر دەبینن . ئەوان بە پاکی و خەندەوە بە گژ ئەهرێمەنی چەپەڵی نەزانی و ماتەمگێڕیدا دەچنەوە هەتا ئینسان شاد و ئازاد بێت و لە مانای خۆشی و سرور تێبگات و بەهرەمەند بێت.

# یەڵدای ئێمە جیاوازە

**شەماڵ تەرغیبی**



یەڵدایەکی دیکە هات؛ یەڵدایەکی دیکە و لەدایکبوونێکی دیکە و زاڵبوونێکی دیکە بەسەر تاریکی، خۆڕاگرییەکی تر لە بەرانبەر ئەهرێمەن و ئاوابوونێکی تری ڕەشایی و ترووسکانەوەیەکی تری ڕووناکی.

لە دیرۆکی کەونارای خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران شەوی یەڵدا کە بریتییە لە یەکەمین شەوی زستان و درێژترین شەوی ساڵ، تاریکی و ڕەشایی لەلایەن ڕووناکایی و پاکی بەچۆکدا دێت و دەبەزێ و سەرەتایەکی نوێ لە ساڵ دەس پێدەکات؛ بەپێی داستان و چیرۆکە کۆنەکان یەڵدا، یەکێك لە خودا پیاوەکانی سەردەمی ئێرانی کەونارایە، کە لەم شەوەدا دەڕواتە شەڕی ئەهرێمەن یان تاریکی و بە سەریدا زاڵ دەبێت و خەڵکی ئاسایی دەپارێزێت. هەر بۆیەش ڕۆژی دوای شەوی یەڵدا لە ئێرانی کەونارادا، پێی وتراوە ڕۆژی یەکسانی مرۆڤەکان. لەم ڕۆژەدا کۆی خەڵك جلی ئاسایی لە بەر دەکەن و هیچ کەس مافی ئەوەی نییە فەرمان بە سەر کەسدا دەربکات و شەڕ و خوێنڕشتن و تەنانەت کوشتنی مەڕ و مریشکیش لەم ڕۆژەدا قەدەغە بووە. لەو شەوە بەدواوە بەرەبەرە خۆر کە سەرچاوەی هێز و تین و ڕووناکییە بەسەر تاریکی و سەرما و سۆڵەدا سەردەکەوێ و ڕۆژ بەرەبەرە درێژتر دەبێتەوە و شەو هێدی هێدی لە کورتی دەدات.

بەڵام جیا لە ئەفسانە و داستان و چیرۆکە کەوناراکان، بۆ ئێمەی کورد یەڵدا جیاوازییەکی بنەڕەتیتری هەیە؛ یەڵدای ئێمە جیاوازە و مانا و واتایەکی تری بەخۆوە گرتووە. ئەم یەڵدا نە هی هۆز و نەتەوەکانی ترە کە هاوردەکراو و بێگانە و نامۆ بێت، نە لە داستانە کەوناراکانەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە و گرێدراوی ئەفسانەکان نییە، ئەم یەڵدا تایبەت بە کورد و کوردستانە و بەقەد هەموو شاخە سەرکەشەکانی نیشتمان باڵای هەیە و کەڵەگەتترین مانا و چەمکە، مانایەکی بەرهەستی ئۆبژێکتیڤ. یەڵدای ئێمە شەوی لەدایکبوونی پیاوێک لە ڕەگەزی هەرمان و هەتاوە کە بە لەدایکبوونی شەوی دەیجووری کوردانی شەقارشەقار کرد.

لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ی هەتاویدا، لە ئامێزی بنەماڵەیەکی دەسڕۆیشتوو و خۆشناوی دەڤەری قاسملوو، قاسملوویەک لەدایک بوو کە بە هاتنی، نوور و تیشک و هەتاوی ڕزگاری سەریان هەڵبڕی. شەوی ڕەشی کوردستان درزی تێکەوت و ئاشتی، چاکە، ڕەوشتی بەرز و مرۆڤتەوەری بریسکاندی.

ئەو کە هات هەرمانبوونی باوەڕەکانی لەگەڵ خۆی هێنا، هزر و ئەندێشەی کردە بنەما، مەعریفەی بە زانستەکانی سەردەم بەخشی و بۆ خۆی بوو بە ڕێباز، ڕێبازی دەروەست بوون بە ئازادی و کەرامەت، ڕێبازێک کە هات، نەڕۆیشت و هیچ کاتیش ناڕوات.

یەڵدای ئێمە، شەوی لەدایک بوون و هاتنەدنیای ڕێبازێکە کە مرۆڤێک لە خێڵی خۆر و ڕووناکی پێشەنگایەتی دەکات؛ مرۆڤێک کە بە خوێنی ئاڵی خۆی، ناخی پڕشوورەیی تاریکی ئاشکرا کرد؛ ئەو جەنگاوەرێک بوو کە هاوشێوەی خواوەندی نێو ئەفسانەکان بە چەکی ئاشتی بۆ شەڕ لەگەڵ تاریکی چوو؛ ئەو لە دایک بوو تا ببێتە هێمای خۆڕاگریو سروودی سەرکەوتن لە ڕێبازی رزگاری نەتەوەیی‌دا؛ لە دایک بوو و بوو بە بڕبڕەی پشتی چیاکان و سۆمای کانیاوە گریاوەکانی نیشتمان؛ لە دایک بوو تا بەورە چنگ بە گڕەکانی دەشت و پێدەشت و شاخ و بەندەنی کوردستان لە خەو ڕاچڵەکێنێ؛ لە دایک بوو تا ببێتە چەخماخە و ڕاچێنەری دار بەڕووە نووستووەکانی کوردستان.

کوردستان لەدایک بوونی قاسملووت پیرۆز.

# گەوهەری ڕاسان



**فاتێح ساڵحی**

گەوهەر، وەک زاتێکی بەنرخی ڕەسەن کە هێزێکی سروشتی و شوێندانەرت ئەداتێ، بەردەوام توانا بە خاوەنەکەی دەبەخشێ و کەسی خاوەن گەوهەر هەمیشە دەسڕۆیشتوو بووە.

لەم بەراوردەدا ڕاسان گەوهەر نییە، بەڵکوو خاوەن گەوهەرە. واتە ڕاسان خاوەن گەوهەرێکە، لەمێژینەو و لە هەمان کاتدا بەڕۆژ کە ڕەگی لە حەفتا و سێ ساڵ پێش ئێستا داکوتراوە.

لە هەمووی گرینگتر ئەم هێزە خاوەن گەوهەرە بەستێن و پێکهاتەیەکی تۆکمە و شوێندانەری هەیە کە توانایەکی دووقاتی پێ بەخشیوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئەم بەستێن و پێکهاتە بەنرخە، بێگومان هێزێکی کارامەی بە ڕاسان داوە و ڕاسانی خاوەن گەوهەر بەرە بەرە و دڵسۆزانە و لێبڕاوانە دەتوانێ کاراکتێرێک زیندوو بکاتەوە کە توانای گۆڕین و زاڵبوون بەسەر هاوکێشەکانی بە قازانجی خۆی و نەتەوەکەی هەبێت و هاوسەنگیی هێز بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە. ئەو هاوسەنگییەی کە لە سەرەتای دەیەی شەست تا حەفتاکانی هەتاوی ببووە هۆکاری شوێندانەریی ڕاستەقینە لە گۆڕەپانی بەرینی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەسەر ڕووداوەکان و هاوکێشە ناوچەییەکان. هێزێک، کە هێزێکی سەرانسەریی دۆگماتیکی وەک موجاهێدینی خەلقی ناچار کرد دان بە مافی خودموختاری کورد دابنێ و زۆر دەسکەوتی سیاسی و دیپلۆماتیکی دیکە کە تا ئەمڕۆش ئاسەوارەکانی بەرچاو و دیارە.

بەڵام لەڕاستیدا هەوێن و ماکەی سەرەکی ڕاسانی ئەم دواییەی حیزبی دێموکرات چییە؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و ڕوونبوونەوە و شرۆڤەی ڕاسان، جگە لە سەدان حیماسە و قارەمانییەتی و خۆڕاگری، دەبێ گرینگی بە بڕگەیەکی زەمەنیی بیست ساڵە بدرێت کە هێزی جووڵێنەر و بە شێوەیەک لە شێوەکان دینامۆی سەرەکیی ڕاسانی نوێی حیزبە. بیست ساڵی کەم جووڵە کە حیزبی دێموکرات وەک کۆڵەکەی سەرەکی خەبات دژی دیلایەتی و ژێردەستەیی و لە هەمان کاتدا وەک حیزبێکی سەردەمییانەی پێشڕەوی خەباتی بێوچان و لێبڕاوانە لە پێناو دەستەبەر کردنی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد، بە هۆی گۆڕانی ناوچەیی هێزەوە، مەند و ئارام و تۆزێک دوور لە جوگرافیای کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە پێچەوانەی سروشتی پارتیزانیی خۆی، بە لەپێشگرتنی سیاسەتێکی دفاعی، شوێندانەربوونی کەوتبووە مەترسییەوە.

بەهەر شێوە جگە لە بەکگڕاوندێکی بەهێز و کاریگەر، هاتنەئارای دیاردەی داعش و تێکچوونی هاوسەنگییەکان و لە هەمووی گرینگتر تووڕەبوونی هێزی پێشمەرگە لە وەستان و ڕاکدبوون، بەستێنێکی خاوەن پێشینەی خوڵقاند کە بووە تیۆری ڕابوونێکی نوێ و هەر بەم پێیە گەوهەرێ بۆ جاری چەندەم لە هەیبەتی باوەڕی پێشمەرگەدا دیسان خۆی ئاشکرا کرد.

ئەم گەوهەرە بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ئەنجامی ستراتێژی پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردستان لە بەشی کوردستانی باشوور بە جۆرێک سڕ کرابوو و ناوە ناوە تووشی پێکۆڵی جیددی ئەبوو. جیابوونەوەی کۆنگرەی سێزدە، یەکێک لە دەیان پێکۆڵی جیددی بوو کە لە بڕگەیەکی زەمانی بیست ساڵەدا بەرۆکی هێزی پێشمەرگەی حیزبی گرتبوو.

دەتوانین بڵێین، لە دەرەنجامی واقعێکی سەخت و دژواردا، پاش دیاری کردنی خولگەی سی و شەش دەرەجە و ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری نیمچە خودموختار لە کوردستانی باشوور و پێوەندی نێوان هێزە سەرەکییەکانی ئەم ناوچەیە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی کوردستان و دۆخی تایبەتی نێوخۆیی باشوور و چەندین فاکتەری دیکە، بۆ ماوەی بیست ساڵ بەشێوەیەک لە شێوەکان گەوهەری ئەم بەراوردە تووشی جۆرێک لە گیرۆدەیی خۆخواستوو هاتبوو.

لە قۆناخی نوێدا، بە گرتنە پێشی سیاسەتێکی تایبەتی نوێ لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتەوە، ڕووداوەکان خێراتر لە جاران چوونە پێش و ئەم هەنگاوە نوێیە لە لایەن خەڵکەوە ناوی راسانی ڕۆژهەڵاتی پێ بەخشرا. ئێستاکە ڕاسان بە هیممەت و هەوڵی بێوچانی کادر و پێشمەرگەی حیزب و بەڕێوەبەریی گونجاو، دیسان ئەو هیوایەی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تەنانەت بۆ خودی پێشمەرگەش گەڕاندووەتەوە کە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە.

دیارە ئەم دەسکەوتە خەساری گیانی و بگرە ماددی زۆریشی بووە، بەڵام بێگومان پێشکەوتنی خەبات دژی داگیرکەر بەبێ گیانفیدایی و خەساری ماددی و گیانی نایەتە بەرهەم. حیماسەکانی قەرەسەقەڵ و کۆساڵان و کێلەشین نموونەیەکی زیندوون لە ئامادەیی و گیانفیدایی پێشمەرگەی کوردستان بۆ نووسینەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی پڕ لە سەروەری ئەم گەلە بەشخوراوە و هێمایەکی ئاشکرایە بۆ قوربانیدانی زیاتر لە پێناو گەڕاندنەوەی هێز و شکۆ بۆ حیزبی دێموکرات وەک حیزبی بونیاتنەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ئێستاکە پاش زیاتر لە بیست ساڵ هێزی پێشمەرگە بەردەوام لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتە و دوژمنی داگیرکەر دیسان وەزاڵە هاتووە و ئەم دۆشدامانییە لە قەبارەی تۆپباران، بوردمان، مووشەک هاویشتن و تیرۆری فیزیکی و ڕەوانی خۆی دەنوێنێ و ڕاستییەک زیندوو دەکاتەوە، ڕاستییەک کە چیدیکە قەڵەمفرۆش و نەفس نزمە تاریکبیرەکان و هەنێ هێزی پاڵەکی دیکە و تەنانەت خودی ڕێژیمی تێرۆریستیاری ئیسلامیی ئێرانیش ناتوانن نکۆڵی لێ بکەن. ڕاستییەک کە ئێستا بووەتە واقیع و هەمووان دەبێ لە هاوکێشەکاندا حیسابی بۆ بکەن. ئەویش ڕاسان و پێشمەرگەی ئامادە و گیانفیدای هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. هەر بۆیە بە بێ بوونی پێشمەرگە و ئیرادە پۆڵایینەکەی ئەستەم بوو ڕاسان لەدایک بێت چونکوو هیچ ئاخێو و تیۆرییەک بەبێ هێزی مرۆیی ئەستەمە بچێتە خانەی کردار و پراکتیکەوە.

# هێزی پێشمەرگە، پێویستی بزاڤ و وانەیەک بۆ خەباتی نەتەوەیی

"شەڕ بەکارهێنانی هێزە بۆ ناچارکردنی دوژمن بۆ قەبووڵ کردنی ئیرادەی ئێمە"

رابرت ئێل. هلوی



**ئەلبورز ڕۆئینتەن**

بۆ بزاڤێکی ڕزگاریخوازانە کە داوای مافی نەتەوەیەکی بندەست دەکات کە وێڕای بندەستی بەردەوام هەڕەشەی نەمانیشی لێکراوە، بە تایبەتی کە ئەو سەرکوت کردنە لە لایەن دەوڵەتگەلێکی دیکتاتۆر و تیرۆریست کە هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەکاردێنن ئەنجام بدرێت، هێز بە یەکێک لە پێویستییە گرینگەکان بۆ خەباتکارانی ڕزگاریخواز دەزانرێت.

لە سەر چەمکی هێز و جۆرەکانی هەروەها پەیوەندی بە سیاسەت زۆر بابەت دەتوانرێت باس بکرێت. لە هەمووی ئەو شرۆڤانەدا هێز بە فاکتەرێکی سەرەکی گەیشتن بە ئامانجەکان هەژمار دەکرێت. لە چوارچێوەی دیکتاتۆرییەکان کە بە هەموو شێوەیەک دژی داخوازی نەتەوەکان دەوستنەوەو دۆخێکی سەرکوت لە نێو کۆمەڵگا دروست دەکەن، هێزی سەربازی بۆ بەرگری، بەدەستهێنان و پارێزگاری لە دەسکەوتەکان، هەروەها گارانتی مانەوەی دەسکەوتنەکان زۆر کاریگەرە. لەو ڕوانگەیە کە ڕێبەری نەمر و ئاشتیخواز دوکتور قاسملووی نەمر لە سەر هێزی چەک دەڵێ تەنیا دێموکراسی دەتوانێ بەدیلی چەک بێت بۆ ئێمە.

ئەگەر بێت و بە وردی لە مێژوو و هەروەها دۆخی ئێستای ناوچەکەشمان بڕوانین دەبینین کە هەبوونی ئەو هێزە چەندە پێویستە، تەنانەت لە عێراقی دوای سەدام کە هەوڵی جێبەجێ کردنی کردەوەی فیدڕاڵی و دێموکراسیش دەدرێت، هەر ڕۆژەو بە بیانوویەک لە سەر پیلانی دەڵەوتە دیکتاتۆریەکان پەلاماری بەرفراوانی کوردستان دەدرێت کە بەرگری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە، کوردستان و دەسکەوتەکان دەپارێزرێن.

کەواتە هێز بۆ نەتەوەکەمان کە خاوەن بزاڤێکی ڕزگاریخوازە لەو ناوچەیەدا پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە. بەشێک لەو هێزە کە لە چوارچێوەی هێزی چەکداری ڕێکخراون بە هێزی پێشمەرگە ناسراوە کە ناوەکەشی بەرهەمی کۆمارە کە بۆ خزمەت کردنی کورد و کوردستان بەدی هاتووە.

فەلسەفەی دروست بوون و بەردەوام بوونی هێزی پێشمەرگە کە وەک نرخێکی نەتەوەی کۆمەڵگای کوردی لێهاتووە لە فیداکاری بۆ بەرگری و پاراستنی کوردستان و سەربەستی کورد خۆی دەبینێتەوە، ڕێکخەرانی ئەو هێزە سەربازییە لە چوارچێوەگەلێکی دێموکراتیک کە بۆ مافی نەتەوەیی تێدەکۆشن وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێزی پێشمەرگەی سەرەڕای چالاکییە سەربازییەکانی و هەڵگرتنی چەک، کردووە بە ئاشتی پارێزترین و ڕەواترین هێز لە ناوچە و بگرە جیهانیش بۆ بەدیهێنانی نرخە مرۆڤایەتیەکان.

هەر ئەو فەلسەفەیە وادەکات کە پێشمەرگە لە نێو خەڵکەکەی خۆشەویست بێت و سەرەڕای دۆخی سەرکوت و دژایەتی تا سەر ئێسقانی ئەو هێزە لە لایەن دیکتاتۆرەکاندا بتوانێ دوای مێژوویەکی درێژ لە کات و ساتی جیاوازدا سەرهەڵبدات و کارو چالاکییەکانی بە هەمان فەلسەفەوە بەردەوام بکات.

هەر چۆن ئەو هێزە ڕەوایەی سەربازی بە پێویستییەکی بزاڤەکەمان دەزانرێت، لە هەمان کاتدا پشتیوانی ئەو هێزە لە لایەن گەلەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان، سەرکەوتنی پێشمەرگە بۆ بەدیهێنانی داخوازی گەل مسۆگەرتر دەکات.

بنەماییترین و گرینگترین ڕێگە بۆ ئەوەی گەل بتوانێ پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بکات بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەر بکات، شۆڕکردنەوەی فەلسەفەی فیداکاری پێشمەرگە و چییەتی پێشمەرگە بۆ نێو تاکەکانی کۆمەڵگایە، تا لە هەر تاکێکی کۆمەڵگا پێشمەرگەیەک دروست بکات، کە چەکێکی جیاوازی بەدەستە بەڵام لە ئاراستەی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پێشمەرگە کە داخواز و ویستی گەلە هەنگاو هەڵبگرێت. ئەو کات هێزی پێشمەرگە و چالاکی جۆراوجۆری گەل لە ئاراستەی خەباتی نەتەوەیی بۆ لابردنی دیکتاتۆر و هێنانی سەربەستی تەواوکەری یەکتر بن. هەر وەک لە ستراتیژی ڕاساندا هاتووە کە هەوڵ دەدات ئەو تەواوکارییە بۆ سەرکەوتنی کۆتایی بە تێچوویەکی کەمتر جێبەجێ بکات.

شۆڕکردنەوەی فەلسەفەی فیداکاری واتە بردنە نێو خەڵکی کەلتوری خەباتی پێشمەرگە، چۆن پێشمەرگەیەک ئامادەیە ئەستەمترین دۆخ تەحەمول بکات و هەروەها لە کاتی بەرگری بۆ ژیاندنی شوناس وهەبوونی نەتەوەیەک گیانی خۆیشی بکاتە قوربانی، تاکی کۆمەڵگاش بە هەمان شێوە لە هەر کردەوەیەکی ڕێکخراوی ڕەوای بزاڤدا بەشداری بکات بۆ ئەوەی دوژمن لە بست بە بستی خاکی کوردستان هەست بە مەترسی بکات.

لە دۆخێکی وەهادایە کە کوردستان بۆ دوژمن قەبرستان و بۆ ئازادیخوازان دەبێتە گۆڕەپانی چالاکی و خەبات. هێزی پێشمەرگەش سەرەڕای پێویستی بۆ ئێستای شۆڕش دەبێتە وانەیەک بۆ تاکی کۆمەڵگا تا بتوانێ بە فەلسەفەی پێشمەرگە کە بنەماییترینیان فیداکاری بۆ گەل و نیشتمانە لە خۆیدا بەرجەستە بکات.

# گەمارۆ نوێکانی ئێران و دەسەڵاتداریی کوردی لە باشوور

ئاگری ئیسماعیل‌نژاد

ڕێژیمی ئێران چ دەسەڵاتداری پاشایەتی "پاڵەوی" و چ دەسەڵاتداری ئیسلامی، دۆزی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە مەترسییەک لەسەر تەناهیی نێوخۆی ئێران دەزانن؛ چونکە ئێران دووهەمین پارچەی گەورەی کوردستانی داگیر کردووە و لەو باوەڕەشدایە کە هەر چەشنە پێشڤەچوونێک لە دۆزی کورد لە ناوچەکەدا کارتێکەری ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت.

هەرچەند لە قۆناغگەلی جیاوازدا ڕێژیمەکانی ئێران لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوور و تەنانەت پارچەکانی تریش پەیوەندییان هەبووە، بەڵام بناغەی ئەو پەیوەندییە لەسەر دوژمنی هاوبەش بووە نەک لەسەر باوەڕی ئێران بە ڕەوایی دۆزی کوردستان.

کۆماری ئیسلامی لە پاش ڕاپەرینی ١٩٩١ بە گشتی و لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتداری بەعس لە ٢٠٠٣ بەتایبەتی بە شێوازی جۆراوجۆر لە هەوڵی قەیران سازکردن لە نێو دەسەڵاتداری کوردستانی باشووردا بووە؛ بە گشتی کۆماری ئیسلامی لە پاش ٢٠٠٣ لە سێ ڕەهەندەوە دژایەتی دەسەڵاتداریی کوردی لە باشوور کردووە:

١: لە ڕێگای دەست و پەیوەندییەکانی لە بەغدا، برینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەر بە حیزب ئەلدەعوە بەرچاوترین وێنایە لەو بوارەدا.

٢: لە ڕێگای پەیوەندی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە چ لە ڕووی سیاسی و تەناهی و چ لە ڕووی ئابووری و کلتوورییەوە دەسەڵاتداری کوردی لە باشوور وەک ئەزموونێکی شکستخواردوو پیشان بدات و هاوکات تووشی بەربەستی جیاوازیان بکات.

٣: لە ئاستی کوردستاندا بە دوو شێواز دژایەتی دەسەڵاتداریی کوردی کردووە؛ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بێ‌هیوایی لە نێو جەماوەری کوردستاندا و زەقکردنەوەی هێندێ لاوازیی دەسەڵاتداریی باشوور، بۆ ئەو مەبەستەی بە کوردی ڕۆژهەڵات بڵێ دەسەڵاتداریی کوردی ناتوانێ بەدیلێک بێت بۆ چارەسەری دۆزی کورد و لە ئاستی باشووریشدا بە ئاژاوەگێڕی و تێکدانی تەناهی ویستویەتی هەم دەسەڵاتداریی باشوور تووشی ژانەسەر بکات و هەمیش خەڵکی باشوور لە دەسەڵاتداریی کوردی دڕدۆنگ بکات.




لە ئێستادا خولی نوێی گەمارۆکانی ئامریکا لەسەر ئێران بەو ئامانجە داڕێژراوە کە دەستی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کورت بکاتەوە و ئێران ناچار بکات کە بگەڕێتەوە نێو سنوورەکانی خۆی.

ڕوونە بە پاشەکشەی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا هەلی ئەوە بۆ دەسەڵاتداریی باشوور لە ئاستی عێراق دەخولقێت کە بە بێ ئەوەی ئێران توانایی ئەوەی هەبێت کە لە بەغدا و لە ڕێگای دەستوپەیوەندییەکانییەوە دژایەتی کورد بکات، دەسەڵاتداریی باشوور لە قۆناغێکی نوێ هەوڵی چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ بەغدا بدات.

پاشەکشەی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا دەتوانرێ وەک هەنگاوێکی گرینگ بۆ چارەسەری دۆزی کورد لەو ناوچەیە سەیر بکەین چونکە ئێران لە ٩٠ ساڵی ڕابردوودا هەم بناغەدانەری هەموو هاوپەیمانییە دژە کوردستانییەکان بووە و هەمیش لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە دیاری کردنی ستراتێژی پێکهێنانی سەرەتا پشتوێنەی شێعە و دواتر هیلالی شێعە، کوردستان وەک جوغرافیا و کورد وەک نەتەوە لەگەڵ ئەو ستراتێژییە نەکالاوەتەوە و ئێرانیش دەستی لە هەرچەشنە دژایەتییەکی کوردستان لە ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبردووە.

# گەڕاندنەوە بۆ سنوورە ناسنامەییەکان

کەیوان دروودی

ڕەوتی شۆڤێنیستیی زاڵ لە ئێران و کۆڵەکەی سەرەکیی ڕێژیمی ئیسلامی لە ماوەی سەدەی ڕابردوو هەوڵی داوە هەتاکوو بە شێواندنی حەقیقەتەکانی ناو جوغرافیای ئێران، دیمەنێکی ئابستراکت وەکوو ڕاستییەکی ئوبژەکتیڤ بنوێنێ و بەم شێوەیە ڕیشۆمەی ئەم وڵاتە بەدەستەوە بگرێ.

یەکەم دەرەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم فۆرموولە؛ کاڵکردنەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان و تێهەڵکێشانیان لەناو تاقە بەرژەوەندییەک بووە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی باوی ئێراندا ناوی لێنراوە "بەرژەوەندیی میللی" و هەتا ئێستا ئەو ڕەوتە بەردەوام بووە.

ئەم بیرۆکەیە بە یارمەتیی کۆلۆنیالیزمی دەرەکی توانیویەتی کۆمەڵێک دەستکەوتی گرینگ بەدەست بێنێ و ئەم دەسکەوتانەش بکات بە ڕمبێک بۆ سەپاندنی ئیرادەگەرایی خۆی بەسەر نەتەوە بندەستەکان. دوایین نموونەی جێی ئاماژەی ئەم بوون بە کۆلۆنییە گرێبەستی ئیمتیازەکانی پاوڕەوانی، ماسیگری و هەڵێنجان لە کاسپییەن و کەنداو بوو کە ڕێژمی ئیسلامی وەکوو نوێنەری ڕەوتی شۆڤێنیستی، دەستی لە قازانج و بەرهەمەکانی ئەم دوو سنوورە ئاوییە شۆردەوە و لە پێناو پاراستنی کەناراوەکانیدا تا ئەو جێگەی پێی کرا باوەشی بۆ کۆلۆنیالیزمی ڕووس و چین کردەوە.

بەم شێوەیە ڕێژیمی ئیسلامی بە تاڵان کردنی سەرچاوە داراییە گشتییەکان کە خاوەندارەتییەکەی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هەموو نەتەوەکانی ناو ئێران، خۆی لە پشتەوەی دوو کۆلۆنیدا شاردەوە. ڕەچاوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ مافی ڤێتۆی ئەم دوو وڵاتە لە ئەنجومەنی ئاسایش و هەروەها شوێندانەرییان وەکوو دوو ڕکابەری بەرەی لیبرالیزم کە ویلایەتە یەکگرتووەکان نوێنەرایەتیی دەکات.

بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەم هەرزانفرۆشییە ئاکامی سەرەڕۆیی و سەرەتاتکەی ئایدیۆلۆژیکی هەمان ڕەوتی ساختەی بەرژەوەندیی میللی لە ناوچە بوو.

لە کەس شاراوە نییە کە بوونی نیزامی لە وڵاتانی ناوچە لەسەر حیسابی تێچووی گشتیی نەتەوەکان و لەژێر ناوی بەرژەوەندیی میللی، تەنیا و تەنیا لەپێناو خنکاندنی دەنگی نارەزایی نێوخۆیی و پێشپێگرتن لە هەرەسهێنانی هاوپەیمانانی وەکوو بەشار ئەسەد بوو. ئەگەرنا بوونی نیزامی لە سووریە بۆ زۆربەی وڵاتانی ناوچە کە مەودایان لە ئەو وڵاتە زۆر نزیکە؛ پێویستتر لە ئێران بوو، کەچی لە دەستێوەردان لەو وڵاتە خۆیان بوارد.

کەوایە ئەنجامگیرییەکی سەرەپێیی بەو قەناعەتەمان دەگەیەنێت کە ئەو گوشارەی ئەمڕۆ لەسەر نەتەوەکانی ئێران هەیە، دەرەنجامی ڕەچاوی بەرژەوەندیی "ئایدیۆلۆژیکی – میللی" بووە. بەرژەوەندییەک کە بەهیچ لەونێک نوێنەرایەتیی ئیرادە و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی بەلووچستان، کوردستان یان ئەحواز ناکات کە زمانیان قەدەغەیە و لەبەر هێنان و بردنی چەند گاڵۆن گازوئیل لە سنوورەکان گیانیان لێدەستێنرێ.

هەمان ئەو کەرتە لە پاژڵی بزرکراوی سەحنەی سیاسیی ئێران کە لە کۆتاییدا بەناوی بەرژەوەندیی گشتی و لەناو تەپوتۆزی پاراستنی ئێران و ئێرانیدا شاردراوە. هەربۆیەش لە کاکڵی سواخدراوی ئەدەبیاتی باوی شۆڤێنیستیی ئێران، ناوهێنانی کۆمەڵی دانیشتووان، لە نێوان "میللەتی ئێران" و "ئەقوامی ئێرانی"دا لە جۆلانێدایە. بەشێوەیەک کە هەرکات بیانهەوێ کەڵکاژۆ لە نەتەوەکان وەربگرن باس لە ئەقوامی ئێرانی دێننە کایەوە و هەرکات گەرەکیان بێ پێش بە دەرخستنی جیاوازیی بەرژەوەندییەکان بگرن دەسبەجێ باس لە پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای "میللی" دەکەن.

بۆ نموونە، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا دەیان پرۆژە بە ناوی "بەشداری پێکردنی ئەقوام لە بەڕێوەبەریی وڵات" جێبەجێکراوە. پرسیاری هەرە ساکار لەمبارەوە ئەوەیە کە ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو گیراوە ئیتر بەشداری پێکردن لە چ ڕەهەندێکەوە سەری هەڵداوە و لە بنەڕەتدا ئەگەر وڵات لە هەمووان و بۆ هەمووانە، ئەو لایەنەی کە دەیهەوێ بەشدارییان پێبکات کێیە؟ لەڕاستیدا ئیرادەیەکی داسەپاو بەناوی ئیرادەی "میللی" و بەناوەڕۆکی بەرژەوەندیی نەتەوە/ قەومی سەردەست خەریکە لە لایەکەوە سەرچاوەی ئابووری، مرۆیی، سروشتی و هتد گشتی دەخاتە خزمەت بەرەوپێشبردنی سیاسەتی خۆی و لەلایەکیترەوە لە جێگیربوونی ئیرادەی گشتی (نەتەوەکان) لە سەحنەی سیاسی پێشگیری دەکات و هەر ئەمەش وای کردووە کە تەنانەت زمانی نەتەوەکان وەکوو هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی جوغرافیایی ئەژمار بکرێت.

وڵاتێک کە زمانی بەشێکی وەکوو هەڕەشە و زمانی بەشێکیتری وەکوو هۆکاری سەقامگیری هەڵدەسەنگێنرێت؛ دەبێ کێشەیەکی بنەڕەتیی - وجوودیی هەبێ کە بەردەوام نیوەی وەکوو تاوانبار چاوی لێدەکرێ. هەر لەم سۆنگەیەوە دەبێ بڕوانینە قووڵایی ئەو "ئەمنییەت"ەی کە لەلای دەسەڵاتەوە پێناسە و فۆرموولە کراوە.




ئەمنییەتێ کە ئیرادەی گشتی (پێکهاتوو لە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی نەتەوەکان) بە مەترسی بۆسەر سەرەڕۆیی خۆی دەزانێ و هەردەم لە پێکهاتنی نەتەوەکان لەگەڵ یەکتر دەترسێ. ترسێ کە لە لووتکەی دەسەڵاتەوە دانی پێدانراوە و خامنەیی ناوی لێناوە "گسلهای قومی" و هەروەها ئیستراتێژیستێکی سەر بە دەسەڵات، وەکوو زیباکەلام باس لە ئەگەری سەرهەڵدانیان لە داهاتوویەکی نزیک و پێویستیی بەرەوڕووبوونەوەیان دەکات.

ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دەریخستووە کە سنوورە جوغرافیاییەکان ئیتر هێڵکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جێگیر نین. خۆپیشاندانە یەک لە دوای یەکەکان، پێکهاتنی ناوەندە کولتوورییەکان، سەرهەڵدانی چالاکانی دیار و ناسراوی شوناسخواز لە ناو نەتەوەکان، هەوڵە بەکۆمەڵەکان بۆ پاراستنی زمان و ژینگەی نەتەوەکان و هتد ئەو ئامادەییە پێشوەختەیەی چێ کردووە تا لە نزیکترین دەرفەتدا بڕیاری خۆیان سەبارەت بە چارەنووسیان بدەن.

گەڕاندنەوەی ڕەوتی شۆڤێنیستی بۆ ناو ئەو سنوورانەی کە ناسنانەی خۆیانە بە یارمەتیی هەر هۆکارێکی دەرەکی و ناوخۆیی کە یارمەتیدەر بێ، دوایین بزمارێکە لە دارەتەرمی کۆلۆنیالیزمی ناو جوغرافیای ئێران. چارەنووسێ کە گرێدراوی هەوڵی پەنجا لەسەدی خەڵکی ناو ئەو جوغرافیا و هەموو ئەو کەسانەیە کە بۆ بەرامبەریی کۆمەڵگەی مرۆیی لەو پێناوە یارمەتیدەر، دۆست و هاوڕێ دەبن.



# "پیرۆزترین سووڕەی نیشتمان پێشمەرگە"

## باران...

باران...
کاتێ دەبارێ شکۆفەی
بزە لەسەرلێوی خاک
دەنەخشێنێ وچۆک بەتینوێتی
دادەدا...
شۆڕشی بلێسەی سپییە، دەنگی ئاوە
و تروووسکەی بەفرە...
درەختێک لە سێبەری ڕووناکییە
بۆحەسانەوەی هەنسکی دایک وبێشکەیەک
لە مێهرەبانیی زریان...
هەناسەی مەرکەبێک بۆنووسینی ئاشتی و
دێمۆکراسی بەقەڵەمی قاسملوویە ڕوو لە جیهان...
دڵی، سەنگەرێک ترپە لە تیشکی هەتاو ونیگای
کامێرایەک بۆ کێشانی وێنەکانی حەماسەی ڕەوەز،
بەرد، شاخ و... یادگارێکی هەرمان بۆمێژوو...
دەنگی بۆرکانی هاوارە لەو شەوەزەنگانەی گەرووی سپێدە
لەژێر پەتی سێدارە، سروودی کورد زیندووە دەڵێتەوە...
ئێوە تەعبیری خەونی بەعەشق لکاوی شەهید و ڕێبواری
ڕێگایەک ڕازاوە بە تریفەن لەهەموو مانگەشەوێکی جێژوانی
ئادیداستان بوو...گوند و شار بە حزووری کۆڵان وشەقام
ودارتێلە ڕاوەستاوەکانی ئێستاش بەحورمەتی سووریتان
ڕاوەستاون...
چ دایکێکی بەخشەندەیە نیشتمان، کەوا ڕۆڵەکانی بۆ
سەروەریی خاک و پاراستنی کەرامەتی وەرزەکان
بە ئەدەبیاتی بەفر پەروەردە کرد...
دڵنیابن، دار و بەرد و چۆم وکانی و باڵندەکانی نیشتمان
خاکیپۆش وتێکەڵ هەنگاوی هەمیشە پیرۆزتان وتا
شەکانەوەی ئاڵا هاوڕێتانن...

زەکیە سدقی

## ڕاپەڕە کیژی کورد

ڕاپەڕە ئەی کیژی کوردی بێ خەبەر
تابەکەی ژینت بێ هۆ چێتە سەر؟؟
تابەکەی کۆیلەی لە دەستی نێرەکان
ڕاپەڕە، دەنگت گەیەنە ئاسمان
ڕاپەرە لە بەندی لاشە بێرە دەر
دوژمن گەر دار بێ ئەتۆ وەیتە بیوور
ڕاپەڕە مافت بسێنە لە ژیان
ڕاپەڕە دژ بە دژانت لە جیهان
ڕاپەڕە و بمرە لە بۆ گەشتن بە ماف
نا مەترسە لە بەند و گوللە و تەناف
مردنت خۆشە ئەگەر بۆ حەق مری
تابەکەی تۆ گیر ئەبی لە داو گوری
راپەڕە و رابە چاوت هەڵبڕە
دوژمنت پووشە و هزری تۆ ئاگرە
ڕاپەڕە مێشکت هەیە بیهێنە کار
دوژمنت گەشتە فەلەک بیهێنە خوار
دەستی تۆ حەیفە لە بۆ تەون و تەشی
ڕاپەڕە و ڕایماڵە یاسای بێ بەشی
زانکۆکان چۆڵن کە تۆ ناچێتە وێ
ڕاپەرە و داماڵە زنجیر دەست و پێ
ڕاپەڕە و بدرە پەڕەی حەوت ئاسمان
خۆت بنووسە لاپەڕەی ژینێکی جوان
ڕاپەڕە ئەی کیژی کوردی مافخوراو
تابەکەی ڕاوی لە دەستی ناپیاو
کیژی کوردان شار و گوندیان بۆ نییە
شێری هێرشبەر نێر و مێیان بۆ چیە؟

ساڕێژ ڕەمەزانی

## ۲٦ی سەرماوەز

کوتری ئاشتی بە سەر
ئاسمانی سامالی ڕۆژهەلاتم فڕی
گوڵی سپی بە سەر چیا و شاخەکانی
نیشتمانم باری
شاسوارێک ئەسپەکەی تاو دا
تاکوو
مۆمی سەرکەوتنی پێشمەرگەکانی دێموکرات
لە چوارچرا داگیرسێنی
دایکیک بە گۆزەیەکی پر لە ئاوی کانیاوی
تاق وەسان
ئاوی دار نەمامەکانی ئازادی دەدا
و
مناڵێکی فریشتەئاسا
موزیک لە ئاوازی دەنگی دابوو
هاواری دەکرد
ئەورۆ
۲٦ی سەرماوەز
روژی باوکی پاڵەوانی منە
روژی بۆنی تۆیە
ئەی پێشمەرگە
ئەی پێشمەرگە
باسکی بە هێزی گەل
و
شکۆی راسانی ڕۆژهەلات
سەرماوەزتان پیروز
سەرماوەزتان پیروز
ئەی خۆنەویستەکانی نیشتمانم

ژیلا سەلیمی

KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • *No:740* 21 Dec. 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

